# هەواڵ و هەواڵنوسینی

# ڕۆژنامەوانی

ناوی کتێب: هەواڵ و هەواڵنوسینی رۆژنامەوانی

نووسینی: د.یونس شوکرخوا، د.حسێن قەندی و د.نەعیم بەدیعی

وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

بابەت: رۆژنامەوانی

تایپو هەڵەچن: وەرگێڕ

مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق

تیراژ: 1000 دانە

نرخ: 1000 دینار

ژمارەی سپاردن : 697ی 2006

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی 2007

کوردستان -سلێمانی

www.sardam.info

د.یونس شوکرخوا

د.حسێن قەندی

د. نەعیم بەدیعی

# هەواڵو هەواڵنوسینی

# ڕۆژنامەوانی

وەرگێڕانی

**کارزان محەمەد**

سلێمانی- 2007

زنجیره کتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (84)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

## ناوەرۆك

* وتەیەك 7
*بەشی یەكەم: 9
د.یونس شوكرخوا
- فەسڵی یەكەم: هەواڵ چییە؟ 11
- فەسڵی دووەم: بەهاكانی هەواڵ 15
- فەسڵی سێیەم: ڕەگەزەكانی هەواڵ 26
- فەسڵی چوارەم: میتۆدەكانی هەواڵنوسین 32
- فەسڵی پێنجەم: چۆن دەست بەنوسینی هەواڵێک بکەین؟ 41
- فەسڵی شەشەم: ئەو خاڵانەی کە هەمیشە پێویستە ڕەچاویان بکەین 49
* بەشی دووەم: 59
- فەسڵی یەكەم: میتۆدەكانی هەواڵنوسین د. نەعیم بەدیعی، د. حسێن قەندی 62

# وتەیەکی پێویست

هەوڵەکانی بەئەکادیمیکردنی رۆژنامەوانی کوردیی دوای خـەرمانێکی پـتر لـە (100)سـاڵ تەمـەن، هێـشتا بەساوا هەژمار دەکرێنو ئەو کارانەی ئەنجامیش دراون، هـــەنگاوێکن بـــەرەو زانـــستی رۆژنامـــەوانی کـــە پێویـستییەکی حەتمیانـەمان بـە درێژکردنـەوەی ئـەو هەنگاوانە هەیە تا بگەینە ئاستی ڕۆژنامـەوانی وڵاتـانی خۆرئاوا.

هەرچـــەندە قۆناغـــەکانی رۆژنامـــەوانی کـــوردیی لەسـاتی دەرچـوونی یەکـەمین رۆژنامـەی کـوردیی لـە قـــاهیرە لەلایـــەن (میقـــداد مەدحـــەت بـــەدرخان)ی ڕەحمەتییـــەوە تـــا ئـــەمڕۆ، چـــەندین پێـــشکەوتنی بەخۆوەبینیوەو کردنەوەی چەند بەشێکی تایبـەت بـە راگەیانـــدنو رۆژنامـــەوانی لـــە زانکـــۆو پـــەیمانگاکانی کوردستانیـــشدا، ســـەرەتاکانی بەئـــەکادیمیکردنی ئـــەم زانستەی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام ئەمـە بەومانایـە نایـەت کـە تـەنها پابەنـد بـین بـە بەرهـەمی نوسـەرانی خۆرسکی کوردیی بەڵکە جێگەی خۆیـەتی هیممـەتێك لەپێناو وەرگێڕانی بەرهەمە رۆژنامەوانییە بیانییـەکان

بکـەین، ئـەم نامیلکەیـەش بەرهـەمی ئـەم چەشـنە تێڕوانینەیە.

ئـەم نامیلکەیـە بریتیـە لـە وتـارێکی (د. یـونس شوکرخوا)و وتارێکی هاوبەشی (د. نـەعیم بـەدیعیو د. حـسێن قەنـدی) کـە بـاس لـە شـێوازی ئەکادیمیانـەی هەواڵنوسـینو میتۆدەکـانی هـەواڵ دەکـەن. هەرچـەندە (د. یـونس شـوکر خـوا) پرۆفیـسۆرە لـەبواری هەواڵـدا، بەڵام لەبەرئەوەی لە وتارەکەیدا تەنها باسی لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە کردووە، بەپێویـستم زانـی وتـارێکی زانــستیانەیتر لــەبارەی ســەرجەم میتۆدەکــانی هەواڵنوسینەوە بخەمە دووتوێی نامیلکەکە کە بەشێکە لـەپرۆگرامی کۆلیـژی (ارتبـاطـات)ی زانکـۆی (عەلامـە تەباتـەبایی)ی ئـیران، هـەروەها بـۆ زیـاتر تێگەیـشتنی خوێنـەر نمونـەکانم دەسـتکاری کـردووەو خـستومەتە بەرگێکی کوردانەوە.

لەبارەی نوسەرەکانیشەوە، پێویستە بوترێ هەرسێ نوسـەر جگـە لـەوەی پرۆفیـسۆری زانکۆکـانی (تـارانو عەلامــە تەباتــەبایی)ن، خــاوەنی چــەندین کتێبــی بەنرخنو بەسەرقافڵەی بەئەکادیمیکردنی ڕۆژنامەوانی فارسیش دادەندرێن لە ئێراندا.

***وەرگێڕی کوردی**

# بەشی یەکەم



د. یونس شوکر خوا

## ئاماژە

### ⭑د. یونس شوکر خوا

بنچینەترین میکانیزمی ڕێکخراوێکی هەواڵیانەی پەیوەندییە گشتییەکان، ڕێکخستنی پەیوەندییەکی دروستە لەنێوان ڕێکخراو، بەرپرسان‌و خەڵکداو ئەم ئەرکی پەیوەندییە بەزۆریی لە کەناڵێکی پەیامگەیاندنی پراکتیکی‌و لۆژیکیدا دێتەدی.

قورسایی سەرەکی ئەم ئەرکی پەیوەندییە کە بەدوای هێنانەدی تێگەیشتنێکی هاوبەرامبەرو دوولایەنەوەیە، لەئەستۆی هەواڵگەیاندندایە.

⭑هەواڵ چییە؟

⭑بەهاکانی هەواڵ کامانەن؟

⭑ڕەگەزەکانی هەواڵ لەچی پێکدێن؟

⭑میتۆدەکانی هەواڵنوسین چین؟

⭑چۆن دەست بە هەواڵێك بکەین؟

⭑ئەو بابەتانە چین کە هەمیشە پێویستە لەبەرچاویان بگرین؟

ئامانج لەم نوسینە، بەدواداگەڕانێکی پراکتیکییە دەربارەی هەمان ئەو شەش پرسیارە. وەڵامدانەوەکان دەتوانن لێهاتوویی هەواڵنوسین لە نوسینی نوسراوە چاپەمەنییەکاندا زیاد بکات.

# فەسڵی یەکەم

## هەواڵ چییە؟

پێناسی جۆراوجۆر دەربارەی هەواڵ (News) خراوەتەڕوو و تائێستاش هەردەخرێتەڕوو. پێناسەکانی پەیوەندیدار بەهەواڵ دەگۆڕێن، لەبەرئەوەی نەریتی ئێمە لە گۆڕاندایە.

هەندێ لە پێناسە پێشکەشکراوەکان لە بواری هەواڵدا، بەمشێوەیەن:

⋆هەواڵ: گەیاندنی واقیعییەتەکانە، بەڵام هەموو واقیعێك ناتوانرێ ناوی بنرێت هەواڵ.

⋆هەواڵ: پەیامێکە کە ئەگەری ڕاستیو درۆی تێدایە.

⋆هەواڵ: ڕووداوێکە کە بڕیارە ڕووبدات.

⋆زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەوەی کە ڕوویداوە، بە هەواڵ ناودەبرێت.

⋆کۆمــەڵێك زاراوەو گوزارشــتە کــە ئەنجامــدانی کارێك بگەیەنێت.

⋆هەواڵ: گەیاندنی گونجاو و پوختەو ووردەکاریی ڕووداوێکە نەك خودی ڕووداوەکە.

⋆بریتییە لەهەر بیرکردنەوەو کارێکی ڕاستەقینە کە بۆ ژمارەیەکی زۆر جیّ سەرنجە.

⋆هــەواڵ: گواســتنەوەیەکی ســادەو بێگــەردی ڕووداوەکانی هەنوکەیە.

⋆هــــەواڵ: بەرهــــەمی جیهــــانی سیاســــیو کۆمەڵایەتییە کە دەخرێنەڕوو.

⋆ هەواڵ: خەڵکە.

⋆ هەواڵ:...

هەریــەك لــەم هەواڵانــە لــە گۆشــەنیگایەکی تایبەتــەوە پێناســی هــەواڵی کــردووەو هــەمان ئــەو جیاوازیانــــەش نیــــشانی دەدات کــــە پێنــــاسو دەستنیشانکردنی چوارچێوەی چەمکێك بۆ هـەواڵ، کارێکی هێندە ئاسان نییە.

لە پرۆسەی پەیوەندیدا پشت بەهەر پێناسێك بۆ هــەواڵ ببەســتینو بــۆ نمونــە ئــەم پێناســە پەســەند بکەین کە:" هەواڵ:

1-زانیــــاریی پەیوەندیــــداره بـــە ڕووداو یـــا گۆڕانێکــەوە کــە لەجێگایەکــدا چــاپ یــا پــەخش دەکرێت.

2-هــــەرجۆره زانیارییـــەکی نـــوێو نائاســـاییه (Dictionary Wagnalls & Funk ).

ئـەوا سـەرلەنوێ نـاتوانین بەخـەیاڵێکی ئاسـوده کارەکـە بـە کـامڵ ناوببـەین. بـەزۆریی ئـەم ئەگـەره هەیـــە کـــە ئـــەو کەســـانەی هەواڵـــەکانی ئێمـــە دەخوێننـــەوە، دوای خوێندنـــەوەی بڵـــێن:" بەئێمـــە چی؟" و یاخود بڵێن:" خۆم دەمزانی".

لـەبارەی یەکـەم "بـە مـن چـی؟" نیـشانی دەدات ئێمە نەمانتوانیوه پەیوەندی هەواڵەکە بە وەرگـرەوە دەستنیـــشان بکـــەین، لـــەبارەی دووەمـــەوە "خـــۆم دەمزانی" گوزارشته لە ئەوەی کـە هـەواڵێکی کۆنمـان بە وەرگر بەخشیوه.

مـن دەمـەوێ ئـەم ئەنجامـە بەدەسـت بهێـنم کـە (ســـەرتاپاگیریی Impact) و (خێرایـــی Immediacy) دەستنیـــشانکەرو هـــەوێنو ناوەنـــدی ســـەرەکی هـــەر پێناسێکی هەواڵ پێکدەهێنن. کەواته بەمپێیە، تەنها

ئەمە بەس نییە هەواڵەکان پەیوەندی بە مرۆڤـەکان، شوێنەکان، شمەك و ڕووداوە ڕاستەقینەکانەوە بێت.

سـەرتاپاگیربوونی هەواڵـەکان و هەسـتیاربوونی زانیارییـەکانی هـەواڵ بـەپێی کاتەکـەی، گرنگییـەکی فراوانی هەیەو رۆژنامەنوسان پێویـستە ئـەم نەرێتـە لەخۆیانـدا بهێننـەئارا کـە لـەبری وەرگرەکـان بیربکەنەوەو ئەوە ببینـن کـە وەرگرەکـان پێویـستیان بـەچ شـتگەلێکە (پەیوەنـدی هـەواڵ بەوەرگرەکانییـەوە)و چ شـتێکیان بـەخێرایی دەوێـت (هەستیاربوون سەبارەت بەڕەگەزی کات).

ئەم دوو خاڵە، بەردی بناغەی جیاکردنەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە بەهاکانی هەواڵیان تێدایە.

بـەهاکانی هـەواڵ ئـەو بـەردی بناغەیەیـە کـە دەتوانـێ ڕێگـر بێـت لەبـەردەم خـستنەڕووی ئـەو دووخاڵەی کە پێشتر وترا: "بـەمن چی؟" و "خۆشـم دەمزانی".

# فەسڵی دووەم

## بەهاکانی هەواڵ

بەهاکانی هەواڵ (News Values) کۆمەڵە پێوەرێکن کە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین ڕووداوە گونجاوەکان بۆ وەرگران هەڵبژێرین. بەهاکانی هەواڵ لەناواخنی ڕووداوەکاندان.

بەمانایەتی باشتر، هەر ڕووداوێك دەتوانێ لە ناواخنی خۆیدا بەهای هەواڵ یا کۆمەڵە بەهایەکی هەواڵیانەی هەبێت، هەر ئەو بەهایانەشن کە ڕەگە سەرەکییەکانی گۆڕینی ڕووداوەکان بۆ هەواڵ پێك دەهێنن. ئەو بەردەی کە ڕەگی ئاڵتون یا ئەڵماسی تێدایە، بەنرخترە لە بەردەکانیتر، ئەم مەسەلە لەناو ڕووداوەکانیشدا هەر زاڵە. ئەو ڕووداوەی کە ڕەگەکانی بەهاکانی هەواڵی تێدایە، لەڕووداوەکانیتر گرنگترو بە بەهاترە.

پەیبردن بە بەهاکانی هەواڵ لە دنیای ئەمڕۆی پەیوەندییە گشتییەکانو مەیدانی ڕۆژنامەوانیدا، ئیتر بەگوتەزایەکی دژوار لەقەڵەم نادرێت. ئەم بەهایانە ناسراونو دۆخێکی ستانداردیان بەخۆوەگرتووە.

حەوت بەهاکەی هەواڵ کە ناسینیان دەتوانێ هەڵبژاردنی ڕووداوە گونجاوەکان بۆ گۆڕینیان بۆ هەواڵ فەراهەم بکات، بەمشێوەیەیە:

⋆سەرتاپاگیری یا لەخۆگری (Impact)

هەر ڕووداوێك کە کۆمەڵێکی بەرفراوان لەخۆبگرێتو یا بەمانایەکیتر پەیوەندیداربێت بەکۆمەڵەیەکی بەرفراوانەوەو کاریگەرییان لەسەر دابنێت، خاوەنی (سەرتاپاگیریی)ە.

ئەم کاریگەرییە چ پۆزەتیف چ نیگەتیف بێت جیاوازی نییە، گرنگ پانتایی (لەخۆگریی) هەواڵەکەیە.

بۆ نمونە ئەم بابەتە خاوەنی بەهای (سەرتاپاگیریی)ە:

-هەلومەرجی کارکردن لەپەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەتەکاندا ڕاگەیەندرا.

★ناسراویێتی، ناوبانگی (Fame, Prominecy)

کەسەکان، ناوەندەکان‌و ئەو شتگەلانەی ناوبانگیان هەیە، هەمیشە جێی سەرنجی خەڵکن. بەمپێیە دەتوانێ هەمیشە پێگەیەکی تایبەتی لە هەواڵەکاندا بۆخۆی تەرخان بکات. هەڵبەتە پێوەرەکانی ناسراوبوون، لەزەیندا دەهێنێتەوەیاد.

بەهەمانشێوەی کە رۆژنامەنوسان هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە بەناوبانگەکان پشتگوێ ناخەن، پەیوەندییە گشتییەکانیش پێویستە هەمان ڕەوت پەیڕەو بکەن. بۆ نمونە ئەم هەواڵە بۆ کاربەدەستانی پەیوەندییە گشتییەکان، بەهای هەواڵیانەی (بەناوبانگی)ی هەیە هەروەها بەهای (سەرتاپاگیریانە)ی تێدایە:

-کتێبی تیۆری پەیوەندییە گشتییەکانی مامۆستا ڕەفیق ساڵح بڵاوکرایەوە.

★کێشمەکێش، پێکدادان، دژیەکی، ناکۆکی (Confilct)

ئەو ڕووداوانەی کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییەن‌و لەڕاستیدا هەڵاوسانێکی ناوخۆییان هەیە، بۆ وەرگران بەسەرنجڕاکێش دادەندرێن.

هــەموو مرۆڤــەکان لــە هەمبــەر ئــەم هەواڵانــەدا هەســتیارن‌و هەربۆیەشــە قەوارەیــەکی بــەرفراوانی هــەواڵی میــدیاکان لــە دەوری ئــەم ڕووداوانــەدا دەخولێنەوە، ئەم هەواڵانـە زۆربـەیجار نیگەتیڤیشن. ئــەوە لەبەرچــاوبگرە ئەگــەر بەداخــەوە ڕووداوێکــی لــەوجۆرە ڕووی دا، تاچــەند دەتوانــێ ببێتــە جــێی ســەرنجی پەیوەندییــە گــشتییەکان، رۆژنامەنوســان‌و یان خاوەن پەیوەندییەکان:

-سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵوەشا.

٭جیاوك، سەرسوڕهێنی، نائاسایی (oddity):

ڕووداوە ســـەیرو سەرســـوڕهێنەرەکان، نایـــاب‌و جیاوکەکان هەمیشە سەرنجی مرۆڤەکان بۆلای خۆی ڕاکێش دەکات، تەنانـەت یـەکێك لـەو پێناسـانەی کـە دەربــارەی هــەواڵ خرایــەڕوو، جــەخت کردنەوەیــە لەسەرهەمان مەسەلە:"ئەگەر سەگێك قاچی کەسێك بگــەزێت هــەواڵ نییــە، بــەڵام ئەگــەر کەســێك گــاز لەقاچی سەگێك بگرێت هەواڵە".

سەرنج لەوەبدە کە ئەم جۆرە هەواڵانە دەتوانرێ لەڕێگــەی پاشــگری ســیفەتی بــاڵای (تــرین)ەوە بناسرێت:

بچوکترین کۆمپیوتەری دنیا، باڵابەرزترین پیاوی جیهان، توندترین بومەلەرزەو...

نمونەیەك لەم جیاوکە:

- وەرگیران لە ماجستێر نمرەو پسپۆڕێتی ناوێت!

★مەزنێتیو فراوانی لە ژمارەو بڕدا (Magnitude)

هەرکارێك کە تیایدا ژمارەو بڕەکەی بەرز بێت، دەتوانێ سەرنجی وەرگرەکان بۆ لای خۆی ڕاکێش بکات، گرنگ نییە ئەم ژمارەو یاخود فراوانیانە پەیوەندیدارن بە چ شتێکەوە.

لەڕاستیدا فراوانی ژمارەو بڕ، شێوازێکیتری بەهاکانی سەرتاپاگیرییە، بۆنمونە:

-کارناسانی جیهان (500) پێناسیان بۆ رۆژنامەوانی خستۆتەڕوو.

★تازەیی (Timelyness)

لە باسی (هەواڵ چییە)دا قسەم لەسەر زەرورەتی (تازەیی)کرد وەك یەکێك لە هەوێنە سەرەکییەکانی هەواڵو وتم: هەواڵ سەرەڕای سەرتاپاگیربوون، پێویستە لەڕووی کاتەوە هەستیار بێت.

ئـەو ناوەنـدو رۆژنامانــە سـەركەوتووترن كـە هەواڵەكانیان زووترو تازەتر لە ڕكەبـەرەكانی خۆیـان دەخەنەڕوو. تـاوەكو مـەودای ڕوودانـی ڕووداوەكـە تـا بڵاوبوونـەوەی كـورتتر بێـت، هەواڵەكـەش تـازەتر دەبێت.

هەڵبەتـە لـە هەنـدێ هەلومەرجـدا، ڕەهەنـدە تازەكانی هەواڵێكی كۆنیش ئاشكرا دەبێت كە بـەپێی ڕێـساكان لـەم دۆخەشـدا هـەر خـاوەنی بـەهای هەواڵیانەیە.

لەهـەر بارودۆخێكـدا، هـەواڵی تـازە وەك نـانێكی تـازە وایـەو هـەواڵی كۆنـەش وەك نـانی كـۆن وایـە. بۆنمونە:

-ئەنجومـەن چـەند سـاتێك لەمـەوپێش پـرۆژەی بەشـداریی ڕۆژنامـەوانی لـە بەرنامـەی گەشـەپێداندا دارِشت.

★دراوسێیەتی، نزیكایەتی (ProXimity)

خــەڵك حــەز دەكــەن ســەرەتا لــەو هەواڵانــە ئاگـاداربن كـە لەدەوروبـەری شـوێنی ژیانیانـدا ڕوو دەدەن، لەبەرئەوەی ئـەو چەشـنە ڕووداوانـە دەتـوانن كاریگـــەری لەســـەر شـــێوازی ژیـــانو یـــاخود

بڕیاردانەکانیان دابنێن. بەوتەیەکیتر، ڕەنگە میتۆدی لۆژیکی بەدەستهێنانی هەواڵەکان بۆ مرۆڤەکان یەك لەدوای یەك لە کۆڵان، گەڕەك، ناوچە، شار، وڵاتو وڵاتە دراوسێکانەوە دەست پێبکات.

دراوسێیەتی تەنها چەمکێکی جیۆگرافیانەی نییە، بەڵکو بەهەموو شێوەیەکی مانادار دەتوانرێ بایەخی پێبدرێت. بۆنمونە:(کۆمیسیۆنی جیهانی فێرکردنی رۆژنامەوانی) لەڕووی ڕەهەندی شوێنی جیۆگرافییەوە نێوانێکی زۆری لەگەڵ کوردستاندا هەیە، بەڵام دەستکەوتە توێژینەوەییەکانی بۆ کاربەدەستانی رۆژنامەوانی لە کوردستاندا، گرنگییەکی باڵای هەیە. بۆنمونە:

-کۆمیسیۆنی فێرکردنو رۆژنامەوانی پێداویستییەکانی سەرخستنی رۆژنامەوانی ڕاگەیاند.

لە کۆتایی ئەم باسەدا، وادێتەبەرچاو کە پێویستە ئەم خاڵە گرنگە بهێنینەوەیاد کە بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕووداوانەی گونجاون تا بگۆڕدرێن بۆ هەواڵ، نابێ بەشێوەیەکی تاکڕەهەندییانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بەزمانێکیتر، نابێ لەم گومانەدا بین کە هەموو ڕووداوێك تەنها لەوانەیە خاوەنی بەهایەکی

هەواڵیانە بێتو بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینی ئێمە بۆ ڕووداوەکان پێویستە تێڕوانینێکی فرەئاراستەییو یاخود بەپێی وتەی کاربەدەستانی ڕێبازەکانی ئامار، تێڕوانینێکی فاکتۆریالانە (Factorial) بێت.

بۆ ئەوەی زیاتر لە گرنگی ئەم بابەتە بگەین، من لە نێوان حەوت بەهاکەی هەواڵدا چوار بەهای هەواڵ هەڵدەبژێرمو بەسودوەرگرتن لە پیتی یەکەمی زاراوە ئینگلیزییەکەی، ئەم بەهایانە دەخەمە خشتەیەکی فاکتۆریالەوە تا ببینیت چۆن ئەم بەهایانە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ یەکتردا دادەندرێن.

سروشتییە کە دەتوانین هەموو بەها هەواڵییەکان بخەینەناو خشتەیەکی فاکتۆریالەوە، من بۆ ئاسانکاریو تێگەیشتن لە مەسەلەکە، تەنها چوار بەهام هەڵبژاردووە.

من لەم خشتەیەدا، ئەم نیشانانەی خوارەوە بۆ بەها هەواڵییە جێمەبەستەکانم هەڵدەبژێرم:

(I) بۆ سەرتاپاگیری (Impact).

(C) بۆ کێشمەکێش (Conflict).

(P) بۆ ناسراوێتی (Prominence).

(O) بۆ سەرسوڕهێنی (Oddity).

ئێستا بنۆڕە دۆخی کۆتایی خشتەکەو پێکهاتەکانی تا ببینیت بە ئاوێتەکردنی (P) و (I) و (O) و (C) چ ڕووداوگەلێك ڕووی داوە.

| |
|---|
| CPI |
| POI |
| PI |
| PC |
| PO |
| P |
| CI |
| OI |
| I |
| C |
| O |
| 0 |

بەهەمانشێوەی کە دەبینیت،

-لەخانەی یەکەمی خشتەکەدا کە (CPI)یە لەبەردەم ڕووداوێکداین کە هاوکات خاوەنی بەهاهەواڵییەکانی کێشمەکێش، ناسراوێتیو سەرتاپاگیرییە.

-لەخانەی دووەمدا بەهاکانی ناسراوێتی، سەرسوڕهێنیو سەرتاپاگیریمان هەیە.

-لەخانــــەی ســــێیەمی خــــشتەکەدا لەبــــەردەم بەهاکانی ناسراوێتیو سەرتاپاگیریداین.

-لەخانــــەی چــوارەمدا بــــەهاکانی ناســــراوێتیو کێشمەکێشمان هەیە.

-لەخانــــەی پێنجــــەمی خــــشتەکەدا لەبــــەردەم بەهاکانی ناسراوێتیو سەرسوڕهێنەیداین.

-لەخانــەی شەشــەمدا تــەنها بــەهای هەواڵیانــەی ناسراوێتیمان هەیە.

-خانەی حەوتەم خاوەنی بەهاکانی کێشمەکێشمو سەرتاپاگیرییە.

-لەخانــــــەی هەشــــــتەمدا سەرســــــوڕهێنیو سەرتاپاگیریمان هەیە.

-لەخانــەی نۆیەمــدا تــەنها لەبــەردەم بــەهای هەواڵیانەی سەرتاپاگیریداین.

-لەخانــــەی دەیــــەمی خــــشتەکەدا بــــەهای کێشمەکێشمان هەیە.

-لەخانەی یانزدەهەمدا تـەنها بـەهای هەواڵیانـەی سەرسوڕهێنیمان هەیە.

-لەخانەی دوانزدەهەمـدا لەگـەڵ هـیچ بەهایـەکی هەواڵدا سەروکارمان نییە.

زۆر ئاشـــكرایە كـــە ئـــەو ڕووداوەی لەخانـــەی یەكـــەمی خـــشتەكەدایە (CPI) زۆر گـــرنگترە لـــەو ڕووداوەی لەخانـــەی دوانزدەهەمدایـــە كـــە هـــیچ بەهایەكی هەواڵیانەی تیادا نییە. ئەم دۆخە بـۆ ئـەو ڕووداوانەی لە خانـەی دووەمـی خـشتەكە (POI)دایـە هەر ڕاستە.

# فەسڵی سێیەم

## ڕەگەزەکانی هەواڵ

ئەگەر بەهاکانی هەواڵ هێزو پێگەو گرنگی بدەنە هەواڵەکان، ئەوا ڕەگەزەکانی هەواڵ ( Elements News) ئەو بەهایانە نمایش دەکەن.

ڕەگەزەکانی هەواڵ بەگشتی لە شەش ڕەگەز پێکدێن کە لە ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانیدا بۆ ئەوەی بەتەواوەتی بە یاد بهێنرێنەوە، بەشێوەی (5W+H?) دەیخەنەڕوو.

(5W) لەم هاوکێشەیەدا بریتین لە:

-why?
-when?
-where?
-who?
-what?

پیتی (H)یش پیتی یەکەمی (How)ە.

ڕەگەزەکانی هەواڵ لە ڕاستیدا شەش پرسیارن کە ئێسکەپەیکەری هەواڵ دەسازێنن.

بە وتەیەکیتر، وەڵامەکانی ئەم شەش پرسیارە شتێك نییە جگە لەو کەرەستانەی کە بۆ دروستکردنی هەواڵێك پێویستمان پێیەتی. ئاشکرایە هەر هەواڵێك وەڵامی یەکێك لەم پرسیارانەی تیادا نەبێت، هەواڵێکی کامڵ نییەو کەموکورتی تیادایە.

کەواتە سەرەتا پێکەوە ڕاگوزەرێك بۆ ئەم شەش پرسیارە بکەین. قوڵبوونەوە لەم پرسیارانەدا یاریدەی ئێمە دەدات تا وێنایەکی گشتگیرتر بۆ ڕووداوێك لە چوارچێوەی هەواڵێکدا بخەینەڕوو. سەرەڕای ئەمە، هەتاوەکو باشتر لەگەڵ میکانیزمی ڕەگەزەکانی هەواڵدا ئاشنا ببین، دەستپێکێکی باشترمان لە هەواڵنوسیندا دەبێت، ئەمەش باسێکە کە لەکۆتایی‌دا دووبارە باسی لێوەدەکەینەوە.

★چی (What)؟

لەڕاستیدا پرسیارێکە بەدوای ئەمەدا دەگەڕێت کە چ شتێ ڕووی داوە، بەگوزارشتێکی باشتر بەشێوەیەکی باو لەسەر ناواخنی ئەو ڕووداوانە چڕ دەبێتەوە کە بڕیارە ببنە هەواڵ.

ئـەم ڕەگـەزە یەکێکـە لـە گـرنگترین ڕەگـەزەکانی هەواڵو زۆربـەیجار وەڵامدانەوەکـەی، هەمیـشە ڕسـتە یا کۆمەڵەڕستەکەی سەرەتای هەواڵەکە دەسازێنن.

٭ کێ، چ کەسێ یا چ ناوەندێ (Who)؟

ئـــەم پرســـیارە، بـــەدوای ئـــەوەدا دەگـــەڕێت کـــە دروســـــتکەر یـــــاخود دروســـــتکەرانی ڕووداوەکـــــە دەستبخاتو بزانێ چ کەسانێ بوونەتەمایەی ڕوودانی ڕووداوەکە.

بەمانایەکیتر، هەرکاتێك هـەواڵێ ئامـادە دەکـەین، پێویستە ئەو فاکتەرانە بناسێنین کە دەستیان تیایـدا هـەبووە. زانیارییـەکانی وەك: نـاو، نازنـاوی خێـزان، تەمەن، کار، پێگەو... لەم دەستەیەن.

٭ کوێ (Where)؟

پرســـیارێکە وەڵامەکـــەی لـــە شـــوێنی ڕوودانـــی ڕووداوەکەوە هەواڵەکە دەخرێتەڕوو. هـەر ڕووداوێـك سـەرەنجام لەیـەك یـا چـەند شـوێنێکدا ڕوودەدەن کـە پێویستە وەرگرەکانی[1] لێئاگادار بکرێتـەوە. نـاتوانرێ

---

[1] - لەهـەر پرۆسـەیەکی ڕاگەیانـدنـدا (وەرگـر) بریتییـە لـە: خوێنەر، بینـەر یـاخود بیـسەر. (نێـرەر)یـش لەڕێگەی کـەناڵی

هەواڵێك پێشكەش بكرێت ئەگەر شوێنی ڕوودانەكەی ڕانەگەیەندرێت.

وەرگــران بەتایبــەتی ئەگــەر ڕووداوەكــە لــە دەوروبــەری شــوێنی ژیــانی ئەوانــدا ڕووی دابێــت، بایــەخێكی زیــاتری پێــدەدات (بــەهای هەواڵیانــەی نزیكایەتییە كە پێشتر باسمان كرد). ئەگەر شوێنی ڕووداوەكــە گومنــاو بێــت، پێویــستە بــەپێی ئــەو زانیارییــە زیــاترەی كــە بەدەســتی دەهێــنین، پــتر شوێنەكە بە وەرگرەكان بناسێنین.

⋆ كەی، چ كاتێك (When)؟

ئەمــەش یەكێكــە لــە ڕەگــەزەكانی هــەواڵ كــە بەدڵنیاییەوە پێویستە وەڵامەكەی بەدەست بهێنین.

بەهەمانـــشێوەی كـــە ڕووداوەكـــان خـــاوەنی خەسڵەتو هەلومـەرجی (شـوێن)ن، خـاوەنی شـوێنو هەلومـــەرجی (كـــات)یـــشن. بەوتەیـــەكیتر، هـــەر ڕووداوێك خاوەنی خەسڵەتی (شوێن) و (كات)ە كە لـەكاتی گۆڕینیـان بـۆ (هـەواڵ) پێویـستە ئـەوانمان

---

خوێنــدراو، بینــراو و بیــستراوەوە (پــەیام)ەكــەی خــۆی بــۆ دەنێرێت. (و-ك)

هەبێتو بەپێی ڕێساکان هەتاوەکو ڕووداوێك لە ڕووی (کات)ەوە تازەتر بێت، بەهاکەی زیاتره (بەهای هەواڵیانەی تازەیی).

بەشێوەیەکی گشتی تۆ ناتوانیت ڕووداوێك بەبێ ڕاگەیاندنی کاتی ڕوودانەکەی، پێشکەشی وەرگرەکان بکەیت.

⋆ بۆچی Why؟

ئەم ڕەگەزە کە لە ڕووی ڕەهەندی شرۆڤەکارییەوە گرنگی بۆ هەواڵ هەیە، هۆکاری ڕوودانی ڕووداوەکە بۆ وەرگران ڕادەگەیەنێت.

لەبیرمان بێت کە خۆمان وەڵامی (بۆچی) نادەینەوەو هەمیشە پێویستە وەڵامەکەی لەلایەن پسپۆڕانی پەیوەندیدارەوە وەربگرینەوە. بۆنمونە پرسیاری ئەوەی بۆچی سیمینیارەکە نەگێڕدرا، پێویستە بەرپرسانی ئەو سیمینیارە وەڵامەکەی بدەنەوە، نەك ئێمە بەپێشبینیو گومانی خۆمان وەڵامی بدەینەوە.

پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە ئەگەر خۆمان وەڵامی بۆچییەکان بدەینەوە، ئەوا هەواڵ (News) لەگەڵ ڕا (Views)دا تێکەڵاو کراوەو ئەمەش کارێکە

نـەك تـەنها قبـوڵ ناكرێت، بـەڵكو لەوانەیـە بـەهۆی وەلامدانەوەیەكی هەڵەوە ئێمـەش ڕووبـەڕووی كێـشە بكاتەوە.

⋆چۆن (How)؟

ئـــــەم ڕەگـــــەزە لـــــە ڕووی شـــــرۆڤەكاریی‌و وەســـفكردنەوە گرنگـــی بـــۆ هەواڵەكـــە هەیـــە،و وەرگرەكـــانی لـــە شـــێوازو میكـــانیزمی ڕوودانـــی ڕووداوەكە ئاگادار دەكاتەوە.

ئەم ڕەگەزە هەواڵییە ڕەگەزێكی سەرنجڕاكێشە بۆ ئەو ڕۆژنامەنوسانەی ئەندامی بەشی (ڕووداوەكان)ی ڕۆژنامـەكانن. لەبەرئـەوەی ئـەوان دەتـوانن بەپـشت بەســتن بــەم ڕەگــەزە، دەســت بــە ڕێگاخۆشــكردنی ژینگەیەك بكەن بۆ خستنەڕووی هەواڵەكە.

هەرلێرەشــدا پێویــستە بــاس لــەوە بكــەم كــە ڕەگـەزەكانی هـەواڵ لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەواڵ نمـایش دەكەن، دەتوانن خستنەڕووی لۆژیكیانەو ڕەوانبـوونی هەواڵێكیش فەراهەم بكەن.

ئەمـەش مەسـەلەیەكی زۆر گرنگە كە ئایا ئێمـە كام ڕەگەز لە دەستپێكی هەواڵەكەدا دابنێین‌و كامیان بگوازینــەوە بــۆ بەشــەكانی خــوارووتری هەواڵەكــە.

کەواتــه بــه باســکردنی میتۆدەکــانی هەواڵنوســین، سەرلەنوێ باس لەم خاڵە دەکەینەوە کە چۆن دەست بە نوسینی هەواڵێك بکەین.

# فەسڵی چوارەم

## میتۆدەکانی هەواڵنوسین

کاتێك بەهاکانی هەواڵ لە ڕووداوێکدا دەبینین‌و هەڵیدەبژێرین تا بیگۆڕین بۆ هەواڵ، نۆرە دێتەسەر ڕەگەزەکانی هەواڵ‌و پاشان نۆرەی شەش پرسیارەکە دێت کە لە بەشی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا. دواجار کاتێ وەڵامەکانی شەش پرسیارە جێمەبەستەکە (5W+H?)مان بەدەست هێنا، نۆرەی نوسینی هەواڵ دێت واتا میتۆدەکانی هەواڵنوسین ( News Writing Styles).

میتۆدی هەمەچەشنەی هەواڵنوسین لە ڕۆژنامەوانیدا هەیە کە بریتین لە:

★میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە ( Pyramid Style (Inverted

★میتۆدی مێژوویی (Chronological Style)

★ میتۆدی مێژوویی لەگەڵ لید ( Chronological Style of Combination Lead)

★میتۆدی هەڵچۆڕاندن (Hourglass style)

★میتۆدی کۆتایی سەرسوڕهێن ( Retrospective Style)

★میتۆدی گەڕانەوە بۆدواوە ( Retrospective Style)

★میتۆدی شرۆڤەکاریی (Style Descriptive)

★میتۆدی....

رۆژنامەنوسان پێویستە هەرەمی هەڵگەڕاوە بناسنو بتوانن پیَی بنوسن. ئەم میتۆدە کە بەشێکی گرنگی هەواڵەکانی رۆژنامەکانی پێدەنوسرێت، یەکێکە لە میتۆدە کورتە بەڵام کاریگەرەکان بۆ راگەیاندنی هەواڵەکان.

میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە بەهەمان شێوەی لە ناوەکەیەوە هاتووە، لەڕوانگەی خستنەڕووی زانیارییەکانەوە هاوشێوەی هەرەمێکە کە بەهەڵگەڕاوەیی داندرابێت.

بەهەمانشێوەی لە وێنەی ژمارە (1)دا دەیبینیت، میتۆدی هەرەمی هەلگەڕاوە لە سێ بەش پێکدێت.

بەشی یەکەم کە لە ڕاستیدا ڕستە یاخود ڕستە بەراییەکانی هەواڵەکە پێکدەهێنن، پێی دەوترێ بەرهەواڵ(لید) کە گرنگترین بەشی هەواڵەکە لەخۆدەگرێت. لەم بەشەدا پێویستە گیانی وشەکان بەشێوازێکی کورتو سودمەند بخەینەڕوو.

بەشی دووەم تەرخانە بۆ جەستەی هەواڵەکە، لەم بەشەدا لە ڕاستیدا ئێمە وردەکاری دەربارەی ئەو شتانە دەخەینەڕوو کە لە بەشی یەکەمدا خستوومانەتەڕوو.

بەشی سێیەم پەیوەندیدارە بە ڕەهەندو پێشینەی هەواڵەکەوە.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین زانیاریی پەیوەندیدار بە زەمینەی پێشووی ڕووداوەکە بخەینەبەردەم وەرگرەکان.




(نمونەی ژمارە 1)

بەهەمانشێوەی کە لەم وێنەیەدا دەیبینیت، لەلای ڕاستەوە هێڵێك دەبینیت کە لە سەرەوەیدا نیشانەی (+) و لە بەشی خوارەوەیدا نیشانەی (-) دەبینرێت. ئەم هێڵە وەبیر ئێمەی دەهێنێتەوە کە لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا بابەتە گرنگەکان لەسەرەتاکەیدا دەخرێتەڕوو و هەتاوەکو لە کۆتایی هەواڵەکە نزیك ببینەوە، گرنگی زانیارییەکانیش کەم دەبێتەوە.

کەواتە پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە وشە سەرەکییەکان هەرلەسەرەتای هەواڵەکەدا بخەینەڕوو و خاڵە گرنگەکان بۆ کۆتایی هەواڵەکە نەگوێزینەوە.

هەنوکـە دەمـەوێت میتـۆدی هـەرەمی هەڵگـەڕاوە زیاتر لەسەری بـدوێم تـا تـۆ بتوانیـت بەئاسانییەکی زیاترەوە زانیارییەکانی خۆتی تێبپەڕێژیت.

هەنوکە بنۆڕە وێنەیەکی درێژکراوەتری هـەرەمی هەڵگـەڕاوەو بـە سـەرنجێکی تـەواوەوە تیایـدا بنـۆڕە شـێوازی چـنینەوەی زانیارییـەکان تـا زیـاتر بـاس لەبارەیەوە بکەین:

ئێـستا مـن هـەوڵ دەدەم بـە گریمانـەی هـەبوونی (هەواڵ)ێك‌و هەبوونی (زانیاری)یەك، نمونـەی دووەم بەپێی ئەو رێنماییانە پڕبکەمەوە کە تیایدا هاتووە:




(وێنەی ژمارە 2)

خانـەی (1): بەرهەواڵەکەیـە (لیدەکەیـە)و یـەك یـاخود چـەند ڕەگـەزێکی هەواڵەکـە لـەخۆدەگرێت.

بەگوزارشـــتێکی باشـــتر، بەشـــێوەکی تـــەواو کـــورتو ســــــودمەند خـــــستنەڕووی مەســـــــەلەی (What) لەخۆدەگرێت.

خانـــەی (2): لەپـــەرەگرافی دووەمـــدا ژێـــدەری هەواڵەکـە بنوسـەو پـشتگیریی‌و پـشتیوانی بەرهـەواڵ (لیـــد)ەکـــە بکـــەو ڕوونکردنەوەیـــەکی زیـــاتر بـــۆ بەرهەواڵەکە (لیدەکە) بکە.

خانەی (3): ئەگەر گواسـتنەوەی وتەیـەکی گرنگـت هەیە، لەم پەرەگرافەدا دایبنـێو پاشـان ڕەگـەزەکانیتری هەواڵ بخەرەڕوو.

خانـــــەی (4): وردەکـــــاری زیـــــاتر دەربـــــارەی وتەگوێزراوەکە بخەرەڕوو و ئەگەر گواستنەوەی وتەشت نەبوو، درێژە بەهەواڵەکە بدە.

خانەی (5): ئەم پەرەگرافەش تـەرخان دەکـرێ بـۆ ئەو وتەگوێزراوانەی کە گرنگییەکی کەمتریان هەیە.

خانـــەی (6): دووبـــارە پێویـــستە وردەکـــاریی بخەیتەڕوو.

خانـەی (7): شـتیتر بخـەرەڕوو کـە بـریتی بێـت لـە پێشینەی هەواڵەکە.

ئەمەش پراکتیزەکردنی چەند زانیارییەکە بـەپێی ڕێنماییەکانی نمونەی ژمارە (دوو):

⋆بەرهەواڵ (لید):

وەرزنامــەی (ســەنتەری ســتراتیژی) لەمــەودوا بەشـێوەی مانگنامـە بڵاودەکرێتـەوە. بەوتـەی (فەریـد ئەسەسەرد)ی سەرۆکی سـەنتەری ستراتیژی کوردسـتان ئەم بڕیارە تازەیە لـە نـوێترین کۆبوونـەوەی ئەنـدامانی ئەم وەرزنامەیەدا دراوە.

ئەو وتـی: بـەهۆی گەشـەی خێـراو بـەرفراوانبوونی چالاکییەکانی لێکۆڵینـەوە ئەکادیمییـەکان کـە لـەبواری سـتراتیژیدا لـە وڵاتەکـەدا هـەن، بەرپرسـانی گۆڤارەکـە بڕیاریان داوە بۆ فەراهەمکردنی ڕۆڵێکی کاریگەرانـەتر، وەرزنامەی (سەنتەری ستراتیژی) بگۆڕن بۆ مانگنامە.

⋆جەستە:

وەرزنامــەی (ســەنتەری ســتراتیژی) لــەڕووی ئــەو وتــارو گفتوگـۆو تێڕوانینانــەی لـەبواری لێکۆڵینــەوەدا بڵاوی دەکاتەوە، پەیوەندییەکی کاریگەرانـەتری لەگـەڵ لێکۆڵیاران و توێژەرانی وڵاتدا بەدەستهێناوە.

هەروەها ئەسەسـەرد وتـی: بەرپرسـانی وەرزنامـەی (ســەنتەری ســتراتیژی) ئومێــدەوارن لێکۆڵیــاران و

تویـــژەرەوان لەســـەر ئاســـتی وڵاتەکـــە بـــەهۆی لێکۆڵینەوەکانیانەوە دەوڵەمەندییەکی زیاتر ببەخشنە بڵاوکراوەکە.

بڵاوکـــراوەی (ســـەنتەری ســـتراتیژی) کـــە بڵاوکراوەیـــەکی لێکۆڵینـــەوەییو توێژینەوەییـــە، بەبڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئەو کەسانەی لەبواری پراکتیکدا سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ئـەکادیمین، بـارێکی پراکتیزەتر بەخۆوە دەبینێت.

کۆتایی:

(ســەنتەری ســتراتیژی) کــە لــەژمارەی ئایـنــدەوە بەشێوەی مانگنامە بڵاودەکرێتەوە، (14) ساڵە دەستی بەچالاکییەکانی خۆی کردووە.

بەهەمانـشێوەی تێبینیـت کـرد، مـن لـەم گریمانـەی هەواڵــەدا پــەرەگراف بەپــەرەگراف بــەپێی ئــەو ئامۆژگارییانـە نوسـیم کـە لـە نمونـەی (دوو)دا هـەبوو. بەڵام ئێستا پێویستە دەربارەی شێوازی دەستپێکردنی هـەواڵێك یـاخود بەمانایـەکی باشتر دەربـارەی نوسـینی بەرهــەواڵ (لیدنوســین)و شــێوازی دەســتپێکردنی هەواڵێكو گۆشەنیگای چوونەناو هەواڵەکەوە بدوێین.

# فەسڵی پێنجەم

## چۆن دەست بەنوسینی هەواڵێك بکەین؟

بەرهەواڵ (لیدLead ) ناواخنی سەرەکی هەواڵ پێکدەهێنێت. بەرهەواڵ (لید) یاخود پەرەگرافی یەکەمی هەواڵ کە نوسینی هەواڵەکەی لێوە دەست پێدەکات، گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەجۆرێك هەندێ لە ڕۆژنامەنوسە پرۆفیشناڵەکانی جیهان پێی دەڵێن قولاپ (Hook )، ئەو قولاپەی کە پێویستە ماسی (وەرگر)ی پێبخرێتە داوەوە. کەواتە بەمپێیە، پەیداکردنی گۆشەنیگای هەواڵ (Angle) نابێ بە کەم بخەملێنرێت.

تۆ پێویستە هەمیشە ئەو کۆمەڵە ڕەگەزە هەواڵیانەی کە وەڵامەکانیانت بەدەستهێناوە، ڕەچاویان بکەیتو ڕاستەوخۆ شرۆڤەیان بکەیت تا

بزانیـت کـام لـەم ڕەگەزانـەو یـاخود چـەند لـەم ڕەگەزانە دەتوانن لە بەرهـەواڵ (لیـد)ی هەواڵەکـەی تـۆدا جێگـە بگـرن. هەڵبەتـە ئـەوەت لـەیاد بێت کـە هەتا بەرهەواڵ (لید)ەکەی تۆ کورتتر بێت، باشترە.

پێشنیازی من بۆ دەستپێکردن بەهەر هـەواڵێك، بـەکارهێنانی ڕەگـەزی (What)ە. واتـا لەسـەرەتادا بەشـێوەیەکی سـادە بڵێیـت کـە دەتـەوێ هـەواڵ دەربارەی چ شتێ پێشکەش بکەیت.

-چەند نمونەیەك:

⋆پارلەمان کۆبوونەوەی کرد

هـەرگیز بـەبێ هـۆ وشـەی زیـادە لەسـەرەتای لیدەکـەدا بەکارمەهێنـە، ئـەم کـارە دەبێتەمایـەی ئـەوەی کـە بەرهەواڵەکـەت (لیـد) بمرێـت. بۆنمونـە ئەگەر نمونەی یەکەم بەمشێوەیە بنوسرایە دەمرد:

⋆هەواڵنێرەکـەی ئێمـە دوێنـێ لـە ژێـدەرەکانی هەواڵـەوە زانیـاری ئـەوەی بەدەسـتهێنا کـە پارلـەمان کۆبوونەوەی کردووە.

یـاخود نمونـەی دووەم ئەگـەر بـە چەشـنی دووەم بوایە، زۆر درەنگ بنەچەی بابەتەکەی دەخستەڕوو.

لەهەرباریٚکدا دەستپیٚکردنی هەواڵەکە دەتوانریٚ بەیەکیٚك لەم ڕەگەزانەی هەواڵ یاخود چەند ڕەگەزیٚکی هەواڵی لەگەڵدا بیٚت. بەزمانیٚکیتر، بەلایەنی کەمەوە دەتوانریٚ بە شەش چەشنە بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای هەمان شەش ڕەگەزەکەی هەواڵ دەست بە هەواڵەکان بکریٚت.

1- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای چی:

پیٚکهیٚنانی ئەنجومەنی پەیوەندییە گشتییەکان بەندە بە ئامادەگی تەواوی ئەندامەکانییەوە.

2- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای کیٚ:

وەزیری رۆشنبیری داوای لە پەیوەندییە گشتییەکان کرد نەبنە ئامرازیٚکی پڕوپاگەندەیی.

3- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای لەکویٚ:

سولەیمانی کۆبوونەوەی بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکانی بەخۆوەبینی.

4- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای کەی:

سبەی بلاْوکراوەیەکی نویٚ لەبواری پەیوەندییە گشتییەکاندا بلاْودەبیٚتەوە.

5- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای بۆچی:

لەبەرچاونەگرتنی خەڵك لەلایەن پەیوەندییە گشتییەکانەوە، داڕشتنی سیستەمێکی ئیتیکی بۆ ئەم ناوەندانەی کردۆتە کارێکی پێویست.

6- بەرهەواڵ (لید) لەسەربنەمای چۆن:

ئەگەر بەشداربوونی پەیوەندییە گشتییەکان بەجددیانە بێت، بەرنامەی پێنج ساڵی گەشەپێدان، خێراتر بەئامانجەکانی دەگات.

لێرەدا پێویستە ئەم خاڵە بهێنینەوەیاد کە بەداخەوە پەیوەندییە گشتییەکان بەهۆی ئەو بایەخە بێ ئەندازەیەی بە بەڕێوەبەرانی دەزگاکەی خۆیانی دەدەن، زۆربەیجار ڕەگەزی (کێ Who)ی سەرۆکی دەزگاکەی خۆیان بۆ دەستپێکردنی هەواڵ بەکاردەهێنن و ئەمە لەکاتێکدایە کە لەبەرئەوەی ئەم بەڕێوەبەرانە خاوەنی بەهای هەواڵیانەی (ناسراوێتی) نین، هەواڵەکە دەگۆڕێ بۆ گوتەزایەکی تەشریفاتی.

گومان لەوە نەکەیت کە میکانیزمی کارکردنی بەڕێوەبەرەکانی تۆ (What) گرنگترە لە خودی ئەوان (Who)، بەمپێیە هەوڵ بدە لەسەرەتادا (What) بخەیتەڕوو و بڵێیت چ شتێ بووە، پاشان نۆرەش

دێتەسـەر بەڕێوەبەرەکـەی تـۆ. (What) بەسـەر (Who)دا زاڵ بکە.

هەڵبەتـە شـێوازگەلێکی جیـاوازیتریش بـۆ دەستپێکردنی هەواڵ هەیە کە ئاماژە بـۆ هەنـدێکیان دەکەین کـە دەکرێ بەسودمەندبن بـۆ (پەیوەندییـە گشتییەکان):

7- بەرهەواڵ (لید)ی تاکبابەتی:

دواکۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی پەیوەندییـە گشتییەکان لە ئەمساڵدا بەڕێوەچوو.

8- بەرهەواڵ (لید)ی قوڵی:

دواکۆبوونـەوەی پەیوەندییـە گـشتییەکان لـە ئەمـساڵدا بـۆ شـرۆڤەکردنی میکـانیزمی سـاڵانەی بەڕێوەچوو.

9- بەرهەواڵ (لید)ی فرەبابەتی:

ئەنجومـەنی پەیوەندییـە گـشتییەکان بـۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبـەران، دانـانی بودجـەی سـاڵانەو شـرۆڤەکردنی میکـانیزمی سـاڵانەی خـۆی کۆبوونەوەی کرد.

بەرهەواڵ (لیـد)ی فرەبابـەتی بەهەمانـشێوەی لـە ناوەکەیەوە هاتووە، چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت. لە

بەرهەواڵ (لید)ی سەرەوەدا سێ مەسەلەی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەران، دانانی بودجەو شرۆڤەکردنی میکانیزمی سالآنە بەرچاو دەکەوێت.

10- بەرهەواڵ (لید)ی پرسیاریی:

پێداویستییەکانی پەیوەندییەکی گشتی سەرکەوتوو چییە؟

ئەم پرسیارە تەوەرەی سیمیناری ئایندەی (پەیوەندییە گشتییەکان) لە کوردستاندا بوو. هەندێکات دەتوانرێ بەپرسیار دەست بەهەواڵێك بکرێت بەو مەرجەی ئەم پرسیارە پرسیارێکی سەرتاپاگیرو گشتی بێت.

11- بەرهەواڵ (لید)ی پرسیاری زەمینەدار:

پەیرەونامەی ئیتیکی پەیوەندییە گشتییەکان دوای سێ ساڵ ئامادەکرا.

کاتێك پێشینەی مەسەلەیەك لەڕووی میدیاوە گرنگی هەیە، دەتوانرێ لە بەرهەواڵەکەدا (لیدەکەدا) بگونجێندرێت. لە بەرهەواڵی (لید)ی سەرەوەدا گوزارەی (دوای سێ ساڵ) نیشانی وەرگرەکانی دەدات کە ئەم کارە دوای لێکۆڵینەوەیەکی درێژخایەن ئەنجام دراوە.

12- بەرهەواڵ (لید)ی گواستنەوەی وتە:

"پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە خۆناساندن کەم بکاتەوەو چۆنایەتی خۆی زیاد بکات". ئەمە دیدگای وەزیری ڕۆشنبیری بوو لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆدا.

بەهەمانشێوەی بینیت، دەتوانین هەندێکات بەگواستنەوەی وتەیەك دەست بەهەواڵەکەمان بکەین، بەتایبەتی ئەگەر ئەم گواستنەوەی وتەیە گرنگ، سەرنجڕاکێش‌و نوێ بێت.

تۆ دەتوانیت بەشێوازی هەمەچەشنتریش دەست بە هەواڵەکانی خۆتان بکەن، بەڵام هەوڵ بدە بۆ دەستپێکردنی هەواڵەکان خۆ لەمانەی خوارەوە بپارێزیت:

1-گشتبێژی‌و ئاڵۆزنوسین.

2-هێنانەوەی بابەتی لاوەکی.

3-ئەگەر ڕەگەزی (کێ)ت لە بەرهەواڵەکەدا (لیدەکەدا) بەکارهێناو ئەم کەسەش نەناسراو (گومناو) بوو، لەبری سودوەرگرتن لە ناو و نازناوی خێزانەکەی، لە بەرهەواڵەکەدا (لیدەکەدا) پلەو

ناونیشانەکەی بەکاربهێنەو لەپەرەگرافی دواتردا ناو و ناوی خێزانەکەی بهێنە.

4-دواجار بە وشەی زیادە دەست بەهەواڵەکەتان نەکەیت.

بەهەمانشێوەی وتم، ئێستا نۆرەی ئەو بابەتانەیە کە پێویستە هەمیشە لەکاتی هەواڵنوسیندا ڕەچاویان بکەین. ئێمە لە بەشەکانی ڕابردوودا تێگەیشتین کە هەواڵ چییە، بەهاکانی هەواڵ کامانەن، ڕەگەزەکانی هەواڵ لەچی پێکدێن، میتۆدەکانی هەواڵنوسین کامانەنو دواجار چۆن دەتوانین دەست بە نوسینی هەواڵێك بکەین.

بەشی دواترمان لە ڕاستیدا ڕۆحی زاڵبوون بەسەر بنەماکانی هەواڵنوسین پێکدەهێنێت، ئەم کۆبەندییە بەبێ خستنەڕووی زەمینەخۆشکردنەکان نەدەهاتەدی.

# فەسڵی شەشەم

## ئەو خاڵانەی کە هەمیشە پێویستە ڕەچاویان بکەین

(باشنوسین) پێویستی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەیە کە پێویستە هەمیشە لەبیرت بێت. من هەوڵ دەدەم بەشێوەیەکی پوخت ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم هەر لەم بەشەدا لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی (باشنوسین)یش بخەمەڕوو. واتا لەگەڵ خستنەڕووی زانیارییەکان (Information)دا، گرنگی مەسەلە (Siginificance)یش باس بکەم. لەم لقەوە بۆ لقێکیتر نەچمو لەسەری چڕببمەوە (Focus)و لەگەڵ لێچڕبوونەوەشدا بێ ئاگاش نەبم لە چوارچێوە (Context)ی کارەکەو هەموو ئەمانە بەشێوەیەك بخەمەڕوو کە فۆرمی

بابـەتو ستراکتورەکەشـی خـاوەنی دۆخێکـی لـۆژیکی بێــت (Form)، کەواتــە دوافەســڵم بــەو خاڵانــە دەستپێکردووەو کۆتایشی پێدەهێنم.

★زانیاری:

زانیـاریی مـادە خاوەکـانی هـەواڵ پێکـدەهێنێت، ئامـادەکردنی زانیـاری وردو ڕوون بـۆ وەرگرەکـان لـە مادەدە بایەخدارەکانە.

★ گرنگی مەسەلە:

ئەو هەواڵانە لەیادەوەریدا دەمێننەوە کە گرنگـی خۆیـان بـە باشـی خـستۆتەڕوو, ئـەم کـارە لـە ڕێگـای خـــستنەڕووی لۆژیکیانـــــەی زانیارییـــــەکانو جیاکردنەوەی گونجاوانەیان دێتەدی.

★چڕبوونەوە:

هەواڵـە باشـەکان خـاوەنی چـڕبوونەوەن لەسـەر بابەتی باسەکە. نابێ لـەم لقـەوە بـۆ ئـەو لـق بـچیت. ئەم کارە لە هێزی چـڕبوونەوەی وەرگرەکـانیش کـەم دەکاتەوە.

★چوارچێوە:

ئەمە ڕاستو دروستە کە پێویستە بـە سـێنتڕاڵانە بجوڵێیتــەوە، بــەڵام ئــەوە فــەرامۆش مەکــە کــە تــۆ

پێویستە لەخستنەڕووی هەواڵەکەدا، چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ڕووداوەکەش بخەیتەڕوو. بە وەرگرەکان بڵێ: ڕووداوەکە لە کوێوە دەستی پێکردووەو هەنوکەش لە چ قۆناغێکدایەو چەندە دەبێتە سەرتاپاگیرو یاخود بەرەو کام لا دەڕوات. لە ئەمانەدا چوارچێوە فەراهەم دەبێت نەك لە پەرەگرافێکی دوورودرێژدا.

⋆ستراکتور:

هەواڵ پێویستە ستراکتورێکی سروشتیو لۆژیکی هەبێت. ڕەنگە بتوانرێ هەواڵ بە شێوەی مرۆڤێك بشوبهێندرێت کە پێویستە نە قەڵەو و نە لاواز بێت.

سەرەڕای ئەو خاڵانەی هەژمارم کردن، پێویستە ئەم خاڵانەش ڕەچاوبکرێن:

1-هەمیشە لەکاتی نوسیندا، وەرگرەکان بهێنەرەوە یاد:

بەشێوەیەك نەنوسیت کە خۆتان حەزتان لێیەتی. رۆژنامەنوسان لەوبڕوایەدان ئاستی خوێندەواریی وەرگرەکان پێویستە لە ئاستی دیبلۆمدا ڕەچاوبکرێن. بۆ ئەو چەشنە وەرگرانە بنوسەو هەوڵ بدە خۆتان بخەنە جێی ئەو.

بێئــــەرك‌و ســــادە بنوســــەو ئەمــــەش بــــەمانای بێناوەرۆکی نوسین نایەت.

2- بـە سێیەم کـەس‌و بەپـشت بەسـتن بـە کـات بنوسە:

نوسـین لەڕوانگـەی کەسـی سـێیەمەوە، هەسـتی بێلایەنبوون بە وەرگرەکان دەدات.

هەڵبەتــــە لــــە میتۆدەکــــانیتری هەواڵنوســــیندا دەتــوانری هــەواڵ لــە ڕوانگــەی کەســی یەکــەم‌و بــــەزمانحاڵ بنوســــرێت. ئەمــــەش شــــێوازێکی هەواڵنوســـینە کــە (کــەس) و (کــات) لــە هەواڵــدا بگۆڕیت. سادەترین ڕێگا بۆ تۆ، نوسینە لـە ڕوانگەی کەسی سێیەم‌و پشت بەسـتنە بـە کـاتی ڕابـردووەوە[2].

3- بەڕێساکانی هەڕەمی هەڵگەڕاوەوە پابەندبە:

---

[2] - تێڕوانینێکی نوێتر جەخت لەسەر پشت بەستن بە (کاتی ڕانـەبردووی بـەردەوام)ەوە دەکاتـەوە تـا خوێنـەر هەسـت بـە نوێبـوونی هەواڵەکـە بکـات لەڕێگـەی فرمانەکەیـەوە، وەك: دەکات، دەڕوات، دەچێت... (و-ك).

کاتـــێ ڕێـــساکانی هـــەڕەمی هەڵگـــەڕاوەت ڕەچـــاوکردبێت، ڕۆژنامەنوســـان ( کـــە زۆربـــەیجار ڕووبەڕووی کـەمبوونی شوێنو کەڵەکـەبوونی بابـەت دەبنەوە) دەتوانن هەواڵەکـەی تـۆ لـە کۆتاییەکەیـەوە کـورت بکەنـەوەو بەچـاپی بگەیـەنن، بـەڵام ئەگـەر ڕێـساکانی هـەڕەمی هەڵگـەڕاوەت ڕەچاو نـەکردبێت، هـــەموو هەواڵەکـــەی تـــۆ دووردەخەنـــەوە، ئـــەوان فرسەتی ئەوەیان نییە هەواڵەکەی تۆ دابڕێژنەوە.

4-خستنەڕووی ڕەهەندو پێشینە لە هەواڵدا بکـە بە نەریت:

پێتوانـــەبێ هـــەموو وەرگرەکـــانی تـــۆ ســـەرجەم زانیارییـەکانی تۆیـان هەیـە، زۆربـەیان لەوانەیـە بـۆ یەکەمینجار هەواڵو مەسـەلەکەی تۆیـان بینـی بێـت، هەوڵ بدە زانیارییـەکانی پەیوەندیـدار بـە پێـشینەی هەواڵەکانتان بکەنە چەشەی هەواڵەکە.

5-نوســـینی ژێـــدەرەکان لـــە هەواڵـــدا فـــەرامۆش مەکە:

هـــەواڵ پێویـــستە دیکۆمنێتـــدار بێـــت، هەمیـــشە هـــــەوڵ بـــــدە پـــــشت بەژێـــــدەر ببەســـــتیت، قـــــسە

گـــشتییەكانی وەك (ژێـــدەرێكی بڕواپێكـــراو) یـــا (ژێدەرێكی ئاگادار)و.. دەردی تۆ دەوا ناكات[3].

ناوی ژێدەرەكانی خۆت لە هەواڵەكانداو هەروەها ڕووی ووردەكاریانـــەیان بخـــەرەڕوو تـــا وەرگرەكـــان متمانەت پێبكەن.

6- نرخـــی گواســـتنەوەی ڕاســـتەوخۆی وتـــەكان بزانەو سودیان لێوەربگرە:

گواســـتنەوەی وتـــەكانو بەتایبـــەتی گواســـتنەوەی ڕاســـتەوخۆی وتـــەكان گیـــان دەدەنـــە هەواڵـــەكان. ڕێگەبـــدە دەنگـــی مـــرۆڤ لـــە هەواڵەكانـــدا بگاتـــەگوێ. هەواڵێك كە گواستنەوەی وتەی تیادا نییـە، دۆخێكـی وشـــكو بـــێڕۆحی هەیـــەو بـــە هـــەواڵی پـــشت مێـــز دەشوبهێندرێتو تۆ دەزانیت كـە رۆژنامەنوسـان بـەو هەوالانە دەڵێن هـەواڵی پـشت مێـز كـە هەواڵنێرەكـە بەبێ ئامادەبوون لەشوێنی ڕووداوەكان نوسیویەتی.

---

[3] - لەگـــەڵ ئـــەم ڕایـــەی نوســـەردا، یـــەكێك لـــە ئیتیـــك (ڕەوشـت)ەكانی رۆژنامەنوسی، پاراسـتنی ژێـدەری هەواڵـە (و-ك).

7-هەواڵ لەگەڵ تێڕوانیندا تێکەڵاو نەکەیت:

تەنانەت ئەگەر تێڕوانینی تۆ متمانەپێکراویش بێت، لەو هەواڵەدا جێگای نابێتەوە کە تۆ دەینوسیت. لەهەواڵدا نە دادوەریی بکەو نە کارەکان بگشتێنە.

دڵنیابە ئەگەر تۆ ڕووداوەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو بێلایەنانە بخەیتەڕوو، وەرگرەکانتان هێزی دادوەریکردنیان هەیە. وەرگرەکان ئەگەر هەست بکەن دەتەوێ شتێکیان پێ بسەلمێنی، دەگەڕێنەوە بۆ ژێدەرێکیترو تۆ بەتەنها جێدەهێڵن.

8-زۆرتر نیشان بدەو کەمتر قسە بکە:

لە بری ئەمەی کە سیفاتە گشتییەکانی وەك سەیر، سەرنجڕاکێش، مەترسیدارو یا.. بەکاربهێنیت، هەوڵ بدە وردەکارییەکانی ڕووداوەکە باشتر وێنا بکەیت.

جوڵەی بینین لە هەواڵنوسیندا چەند پلەیەك سەرنجڕاکێشترە لە نوسین کە جوڵەی نییە.

9- ڕێگەمەدە زاراوەکان ڕێگەی هەواڵەکە بگرن:

ئـەم ڕستـەیە لەوانەیـە کـەمێ ئـاڵۆز بێتەبەرچاو بـەڵام زۆر ڕوونـە. کاتـێ دەتوانیـت مەسـەلەیەك بـە وشـەیەك بـاس بکـەیت، بۆچـی چـەند وشـەیەك بەکاردەهێنیت. بۆنمونە لەبری ئەوەی بڵێیت "لەبەر ئەم هۆیەی کە" بنوسە "چونکە". ئەم یەك وشـەیە، کاری هەمان ئەو چوار وشـەیە دەکات. ئـەم باسـە لـە هەواڵنوسـیندا لـە ژێرنـاوی (ئـابوریی زاراوەکـان) دەخرێتـەڕوو و ئـەوەش لـە ڕێـسایەکی گـشتییەوە هەڵدەهێنجرێت: هەتاوەکو ژمارەی پەرەگرافەکان کـە لەوشـەکان دروسـت دەکـرێن؛ زۆرتـر بێـت ئەگـەری خوێندنەوەی هەواڵەکە کەمتر دەبێت.

10-بەرهەواڵ (لید) نەخشەی هەواڵەکەی تۆیـە، نابێ وەرگرەکان ڕێگاکە ون بکەن:

دووبـارە لـە دەسـتپێکی هەواڵـدا گەڕاینـەوە بـۆ بەرهەواڵ (لید) کە پێویستە کورتو ڕوون بێت.

بەرهـەواڵ (لیـد) نەخـشەیەکە کـە وەرگرەکـان پێویستە ڕێگەی خۆیانی تیادا بدۆزنـەوەو ڕێگاکـە تـا کۆتاییەکـەی بەئاسـانی بـبڕن. ئەگـەر ئـەم نەخـشەیە گۆشـەیەکی چـوونەناوەوەی باشـی هـەبێت، وەرگـر بەبێ مانـدووبوون تـا کۆتاییەکـەی ڕێگاکـە دەبڕێـتو

ئەمــەش واتــا قــسەكردنی ڕاســت لــەكاتی گونجـاو و لەگـەڵ وەرگـری سـەرەكیدا، ئەمـەش شـتێكە هـەم پەیوەندی تۆ بە رۆژنامەكانو هەم پەیوەندییـەكانی تــۆ بەوەرگرەكانــەوە بەشــێوازێكی دوولایەنــەو لەسـەربنەمای تێگەیـشتن لەیـەكتر فەراهـەم دەكـات. هـەم رۆژنامەنوسـانو هـەم وەرگرانـی پەیوەندییـە گـشتییەكانیش شـتێكیان بەدەرلەمــە ناوێــت كــە پەیوەندییــەكی ڕوونو كاریگــەریان لەگــەڵ تــۆدا هەبێت.

# بەشی دووەم



د. نەعیم بەدیعی



**د. حسێن قەندی**

# فەسڵی یەکەم

# میتۆدەکانی هەواڵنوسین

د. حسێن قەندی، د. نەعیم بەدیعی

ئـەوەی پەیوەندیـدار بێـت بـە ڕۆژنامەوانییـەوە، ئەمەیـــە کـــە هـــەواڵی ڕاســـت، ڕوونو کـــامڵ بخرێتەبـەردەم وەرگـر بـەڵام ئەمـەی کـە باشـترین میتـــۆدی گواســـتنەوەی ئاگـــاداریو زانیارییـــەکان کامەیـــەو هـــەواڵنێر چـــۆن دەتوانـــێ ئاگادارییـــە هەواڵییـــەکان بەباشـــترین شـــێواز بـــۆ وەرگرەکـــانی بخاتـــەڕوو، بـــۆ میتـــۆدی ڕێکخـــستنی هەواڵەکـــە دەگەڕێتەوە.

## 1-میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە

لە خستنەڕووی هەواڵەکانـدا میتـۆدی جۆراوجـۆر بـەکارهێنراوە کـە هەنـدێ کەسـی دوورخـستۆتەوەو هەنـدێکیتر هێـشتا بـۆ خـستنەڕووی ئاگادارییـەکان

سـودی لێـوەردەگرن. لـەمڕۆدا كـاراترینو بـاوترین میتـۆدی خـستنەڕوو و ڕێكخـستنی هـەواڵ، نـاوی میتـۆدی هـەڕەمی هەڵگەڕاوەیـە كـە بۆتـە جـێی بایەخپێـدانو بـەكارهێنانی زۆرینـەی میـدیا هەواڵییەكان بۆ خستنەڕووی هەواڵەكان.

لـە میتـۆدی هـەڕەمی هەڵگـەڕاوەدا، پوختـە (گـرنگترین بابـەت) لەسـەرەتای هەواڵەكـەداو كـەم بـەهاترین بابـەتیش لـە كۆتاییەكەیـدا دادەنـدرێتو هەر بەشێك بەپێی ڕێـژەی گرنگییەكـەی، لەسـەرەوە بۆ خوارەوە ڕێك دەخرێت.

میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە یەكێكە لە كاراترین میتۆدی گواستنەوەی زانیارییەكان.

پێویـستە بزانرێـت كـە زۆرینـەی خوێنـەران (وەرگرەكان)ی رۆژنامە، نزیكەی نیو تا یەك كاتژمێر لـەكاتی خۆیـان زیـاتر بـۆ خوێندنـەوەی رۆژنامـە تـەرخان ناكـەن. خوێنـەر بەشـێوەیەكی گـشتی لـە مانـشێتەكەیەوە دەست بـە خوێندنـەوەی هەواڵەكـە دەكات، ئەگـەر هەواڵەكـەی بـە پەیوەندیـدار بـە كـارو ژیـانی خۆیـەوە زانـی، ئـەوا درێـژە بـە خوێندنـەوەی پاشماوەی هەواڵەكە دەدات.




وێنەی (3)

(میتۆدە هەرەمی هەڵگەڕاوە)

توێژینەوە بەردەستەکان نیشانی دەدەن کە ژمارەی خوێنەرانی هەواڵ پەیوەندییەکی پێچەوانەی لەگەڵ ژمارەی پەرەگرافەکاندا هەیە. واتا هەتاوەکو هەواڵ درێژتر بێت، ژمارەی خوێنەرانی کەمترە.

زۆرینەی خوێنەرانی رۆژنامە، مانشێتی هەواڵەکە دەخوێننەوە بەڵام ژمارەی خوێنەران لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پەرەگرافەکاندا کەمتر دەبێتەوە. ئاشکرایە، ئەم پەیوەندییە بە چۆنایەتی ڕووداوەکەو شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکەشەوە بەندە.

***خەسڵەتەکانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە**

**ڕێکخستنی هەواڵ بەمیتۆدی هـەرەمی هەڵگـەڕاوە کە باوترین میتۆدی ڕێکخستنی هەواڵە لە میدیاکانی هەواڵدا، خـاوەنی خەسـڵەتگەلێکە کـە ئـەم میتـۆدەی بەبـەراورد لەگـەڵ میتۆدەکـانیتردا بـۆ خـستنەڕووی هەواڵ کردۆتە باوترو خوازراوتر.**

**1- لـــە بەرهەواڵەکـــەدا (لیدەکـــەدا) پوختـــەی گرنگترین بابەت دەخرێتەڕوو.**

**2-لـە تێڕوانینــی خوێنــەرەوە (وەرگــر)، کـاتێکی کەمتری بۆ وەرگرتنی گرنگترین بابەت پێویستە.**

**3- خوێنەر (وەرگر) ماندوو ناکات.**

**4-بــەخێرایی هەســتی بەدواداگــەڕانی خوێنــەر لەڕووی پێداویستی هەواڵەوە تێر دەکات.**

**5-دەقی هەواڵ لەسەر بنـەمای بـەهای بابەتـەکان ڕێکدەخرێت.**

**6- خوێنــــەر (وەرگرەکــــان) بــــۆ خوێندنــــەوەی هەواڵەکە هان دەدەن.**

**7-لـــــەڕووی ڕاســــتکردنەوە، مانـــــشێتنوسینو ماکێتبەندی (دیزاین)ەوە کارەکە سادە دەکات.**

## *کەموکورتییەکانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە

لە هەمبەر خەسڵەتەکانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە لە خستنەڕووی هەواڵەکاندا، کۆمەڵە کەموکورتییەکیش بەرچاودەکەوێت کە هەڵبەتە بە بەراورد لەگەڵ خاڵە پۆزەتیڤەکانیدا هێندە بەگرنگ ناو نابرێت. ئەم کەموکورتیانە بریتین لە:

1-زۆربەیجار، لە بەرهەواڵەکەدا (لیدەکەدا) کە گرنگترین بابەتی تیادا دەخرێتەڕوو و زانیارییە گرنگە نوێیەکان دووبارە بۆ خوێنەر ناخرێتەوەڕوو، ئەگەری ئەوەش هەیە کە خوێنەر واز لە خوێندنەوەی پاشماوەی هەواڵەکە بهێنێت.

2-هەندێکجار، بەتایبەتی لەمەڕ هەواڵە درێژەکان، ئەوەی لە لیدەکەدا دەوترێ، دووبارە لە دەقی هەواڵەکەشدا دووبارە دەبێتەوە.

3-کارکردن بە تێڕوانینی هەواڵنێر لەبەرجەستەکردنی بابەتەکاندا، لە میتۆدەکانیتر زیاترە.

4-هەندێکجار لەوانەیە بەهۆی پوختەکردنی بابەتەکەوە یا لابردنی بابەتگەلێك لەلایەن

سەرنوسەرەوە، هەندێ لە هەواڵەکانی ناو دەقی هەواڵەکە لادەچێت4.

**ئەو بوارانەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە بەکاردەهێنن***

لەمڕۆدا میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە بۆتە باوترین ڕێباز بۆ ڕێکخستن‌و خستنەڕووی هەواڵ لە میدیاکانی هەواڵدا. زۆرینەی بابەتەکە هەواڵییە رۆژانەییەکان وەك: هەڤپەیڤینە هەواڵییەکان، وتاردانەکان، هەواڵی سیمینارەکان، کۆنفرانسەکان‌و.. بە ڕێبازی هەرەمی هەڵگەڕاوە ڕێك دەخرێت.

ڕێبازی ڕێکخستنی هەواڵ بەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە تایبەت نییە بە رۆژنامە، بەنۆڕینێك بۆ لاپەڕە هەواڵییەکانی گۆڤارەکان‌و بە لەبەرچاوگرتنی

---

[4] - کەموکوڕییەکیتری میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە ئەوەیە کە رۆژنامەنوس یاخود ئامادەکاری هەواڵەکە، ڕوانگەی خۆی دەکاتە پێوەر بۆ ڕیزبەندکردنی بابەتە گرنگەکانی ناو هەواڵەکە، لەکاتێکدا کە تێڕوانینەکانی ئەو کەسانەی هەواڵیش ئامادە دەکەن جۆراوجۆرن. (و-ك).

بەشی هەواڵەکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکان ئەوە نیشان دەدەن کە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە بەنزیکەیی بووە بە ڕێبازێکی تایبەت بۆ خستنەڕوو و ڕێکخستنی هەواڵەکان.

یەکێك لە هۆکارە باوەکانی سەرتاپاگیربوونی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە، خێراییە لە پەخشکردنو بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا لە ڕێگەی میدیاکانی هەواڵەوەو کەمفرسەتی وەرگرەکانە لە وەرگرتنی پەیامە هەواڵییەکاندا.

*نمونەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە:

**نمونەی یەکەم:**

بەرهەواڵ (لید):

سولەیمانی- ڕادیۆی نەوا: بەپێی بڕیاری دەوڵەتو بەمەبەستی زیادکردنی سەرمایەگوزاری، دەوڵەت بڕیاری دا مانگانە (3,000) دینار لە مافی کارمەندان ببڕدرێتو بخرێتەوە خەزێنەی حکومەت.

پارەگرافی2:

سەرۆك کۆمار دوێنێ شرۆڤەی بڕیارەکەی کردو فەرمانی بە وەزارەتی پەیوەندیو هاریکاریی دا کە

پەخشنامەیەك بۆ دەزگاو بەڕێوەبەرایەتییەكانی دەوڵەت بنێرێت.

پارەگرافی3:

بەپێی ئەم بڕیارە، لەسەر بنەمای ڕەزامەندی كارمەندان مانگانە بڕی (3,000) هەزار دیناریان لێدەبڕدرێتو دەخرێتە سەر بودجەی كۆمەڵەی هاریكاریی كارمەندانو كۆمپانیاكانی هاریكارییو دامودەزگا پەیوەندیدارەكان.

پارەگرافی4:

بەمشێوەیە بەزیادكردنی سەرمایەو توانستی دارایی كۆمپانیاكانی هاریكاریی، توانستی سەرمایەگوزاری كارمەندان لە چالاكییەكانی بەرهەمهێنان لەڕێگەی كۆمپانیاكانی هاریكارییەوە فەراهەم دەبێت.

نمونەی دووەم:

بەرهەواڵ (لید):

سولەیمانی (كوردستان)- كوردستانی نوێ: یەكێك لە سەرنشینانی فرۆكەی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی كوردستان لەڕێگەی سولەیمانی- سوید بەسودوەرگرتن

لە پەرەشوت لە ئاسمانی سوید لە فرۆکەکەوە خۆی فرێدایە خوارەوە.

پارەگرافی2:

بە وتەی بەرپرسانی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی، کاتێ کە فرۆکەی (ئێرباس 300) لەهێڵی ئاسمانی (جی.ئێس. ئێس) لەڕەوتی سولەیمانی بەرەو ستۆکهۆڵم لە فڕیندا بوو، یەکێك لە گەشتیاران هەڕەشەی کردنەوەی دەرگای فرۆکەکەی لە خزمەتگوزارەکەی فرۆکەکە کرد.

پارەگرافی3:

بەرپرسێکی هێڵی ئاسمانی سولەیمانی وتی: گەشتیارە ناوبراوەکە پێدەچێت هاوڵاتی سوید بێت، لەگەڵ پەخشکردنی بەیاننامەکانی خۆیدا بە هۆی پەرەشووتەوە لەسەر خاکی سوید لە فرۆکەکەوە خۆی فرێدایە خوارەوە.

پارەگرافی4:

بەرپرسانی فرۆکە سولەیمانییەکە وتیان: لەم ڕووداوەدا زیان بەکەس نەگەیشتووە.

## *ڕێکخستنی خستنەڕووی بابەتەکانیتر لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا

لەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەدا لە نوسینی بابەتەکانی دوای بەرهەواڵ (لید)ەوە پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیردرێت کە چەند پەرەگرافەکەی دوای لیدەکە وردەکاریی زیاتر سەبارەت بەهەمان بابەتی سەرەکی لیدەکە دەخاتەڕوو، پاش ئەم وردەکاریانە بابەتە گرنگەکانی دواتر دەخرێتەڕوو.

وادابنێ ڕووداوێکی وەکو وتاردانێك یا هەڤپەیڤینێکی هەواڵیانە، باسی جۆراوجۆری لەخۆگرتبێتو بمانەوێ بەشێوەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە ئۆرگانیزەی بکەین. ئەم بابەتانە بە (A,B,C,D,E) نیشانی دەدەین، وادابنێ لەنێوان ئەم بابەتە جۆراوجۆرانەدا، گرنگترین بابەت بەلەبەرچاوگرتنی بەهاکانی هەواڵو ڕەچاوکردنی مەسەلەکانیتر، بابەتی (D) بێتو دەمانەوێت لە لیدی هەواڵەکەدا بیخەینەڕوو.

لەسەر ئەم بنەمایە، لەقۆناغی یەکەمدا پوختەی بابەتە گرنگەکان بە بابەتەکەی (D)ەوە لە لیدەکەدا دەنوسینو لە پەرەگرافەکانی دواتردا، وردەکاریی

زیاتر سەبارەت بەهەمان بابەت کە (D1, D2, D3)ە نیشانی دەدەین. هەروەها وادابنێ بابەتە گرنگەکەی دواتر (B) دەبێت کە پەیوەندیدارە بە گوزارشتەکانی سەروو خۆیەوەو وردەکاریی زیاتریشی بەدواوەیە.

بەمشێوەیە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی هەماهەنگی نێوان بابەتەکان، بابەتە پێشکەشکراوەکانیش بەوردەکارییەکی زیاترەوە (وردەکارییەکانی بابەتەکە) بەدوای هەربەشێکی پەیوەندیداراو بەپێی لەبەرچاوگرتنی گرنگییەکانیان؛ دەنوسرێت.

سەرنج بدەرە ئەم دوو شێوەیەی خوارەوە:




وێنەی (4)

ڕیزکردنی ڕاستو دروستانەی خستنەڕووی بابەتەکان




**وێنەی (5)**

**ڕیزکردنی نادروستانەی خستنەڕووی بابەتەکان**

## 2-میتۆدی مێژوویی

لە ڕێکخستنی هەواڵدا بە میتۆدی مێژوویی بەپێچەوانەی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەوە، بابەتەکان بەلەبەرچاوگرتنی بەهای هەواڵیانەیان نانوسرێت بەڵکو بەپێی ڕیزبەندی کاتی ڕوودان یا بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی کە ڕوویداوە، ڕێکدەخرێت.

فەرمانی کۆبوونەوە ڕەسمییەکان بەگشتی بە میتۆدی مێژوویی دەنوسرێتو ئەمە دروست نییە کە بابەتە هەواڵە رۆژانەییەکان بەپێی دەستوری کۆبوونەوەکە ڕێك بخرێت.

ئەمەش کە کام لە ڕووداوەکانی هەواڵەکە دەبێ بە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەو کامیان دەبێ بە میتۆدی مێژوویی ڕێکبخرێن، لەڕاستیدا لەئارادا نییە.

بەهەمانشێوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، تۆمارکردنی ساتەکان بەپێی تێپەڕینی چرکەکان، خێرایی لەمەیدانی گەیاندندا، ململانێی هەواڵیانەی میدیاکان، پێداویستی خەڵك بۆ ئاگاداربوونو لەهەمانکاتدا سەرقاڵبوونیان بە ژیانو کەمی کاتەوە،

سەرجەمیان ئاوێتە دەبن تاوەکو سەرەنجام پێکەوە هەوڵ لەپێناو بەخێرایی ناردنی هەواڵو ڕاکێشکردنی وەرگرەکاندا بدرێت.

بەمپێیە، بایەخی میدیاکان زیاتر بۆ بەکارهێنانی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە. لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێ بڵێین میتۆدی مێژوویی بەگشتی فەرامۆش کراوە، ئەمە وابەستە بە جۆری چاپەمەنییەکەوە (بەشێوەیەکی بەرفراوانتر ڕۆژنامە، گۆڤار بەلەبەرچاوگرتنی مەودای بڵاوبوونەوەیان)و جۆری ڕووداوەکەو بە ناسینی وەرگرەکانی هەر میدیایەکی هەواڵەوە. ستراتیژی چاپەمەنییەکانیش لەمڕووەوە کاریگەرە.

لە لاپەڕەکانی هەواڵەکانی ڕۆژانەدا، ڕۆژنامەکان یا لە لاپەڕە هەواڵییەکانی گۆڤارەکاندا میتۆدی ڕێکخستنی هەواڵ بەپێی میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە، بەڵام دەکرێ میتۆدی مێژوویی بۆ ئەو لاپەڕە تایبەتیانە بەکاربهێنرێت کە بەگشتی ڕۆژنامەکان بۆ ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکانی بەدواداچوونەکان، ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنو هاوشێوەکانی تەرخانی دەکەن و

خوێنەرانی ئەم لاپەڕانە حەز دەکەن کاتێکی زیاتر بۆ خوێندنەوەی تەرخان بکەن.

بەهەرحاڵ بۆ ڕێکخستنی هەواڵ بەمیتۆدی مێژوویی، ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژیای ڕوودانی هەواڵەکە لەبەرچاو دەگیردرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، نوسینی هەواڵ بەمیتۆدی مێژوویی بە پێشەکییەکی گشتی دەست پێدەکات کە زەمینەکانو مەسەلە گشتییەکانی بابەتەکە دەخاتە ڕوو. ئەم پێشەکییە لەزۆر ڕووەوە لێکچوونی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی بەرهەواڵ (لید)دا نییە کە پێشتر شرۆڤە کرا.

بۆنمونە کاتێ دەنوسرێت:

"وەزیری نەوت سپێدەی ئەمڕۆ لە هەڤپەیڤینێکی چاپەمەنیدا بەشداری کردو وەڵامی پرسیارەکانی هەواڵنێرانی لەبارەی دابەشکردنی ماددەی سوتەمەنی لەشارەکاندا دایەوە ".

خاوەنی تایبەتمەندییەکانی بەرهەواڵ (لید) نییە کە پێویستە پوختەی گرنگترین بابەتی هەڤپەیڤینەکە بخاتەڕوو. پێشەکییەکە کە بۆ

چوونەناو بابەتەکەوە دەنوسرێت یا لەڕاستیدا بە چەشنە دەستپێکێك هەژمار دەکرێت.

بەهەمانشێوەی ئاماژەی بۆ کرا، میتۆدی مێژوویی بۆ ئەوە گونجاو نییە کە بابەتەکانی هەواڵە رۆژانەییەکانی پێبکرێتە راپۆرت. بەڵام لەئامادەکردنی ڕاپۆرت یا هەڤپەیڤیندا (هەندێ لە هەڤپەیڤینە ناهەواڵییەکان) و ئەو مەسەلانەی کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەتوانرێ بەکاربهێنرێت.

*خەسڵەتەکانی میتۆدی مێژوویی

1-بابەتەکە بە کاملتر دەخرێتەڕوو.

2-لەبەرئەوەی لە ڕێکخستنی هەواڵدا بەپێی میتۆدی مێژوویی، بابەتەکان وەك میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە هەڵناسەنگێندرێن، پیادەکردنی تێڕوانینی هەواڵنێر لەبەرجەستەکردنی بابەتەکەدا لە ئاستێکی کەمتردایە.

*کەموکورتییەکانی میتۆدی مێژوویی:

1- بۆ وەرگرتنی گرنگترین بابەت کاتێکی زۆرتری پێویستە.

2-ڕەنگە خوێنەر ماندوو بکات.

3-هاندانی هەموو خوێنەران بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە بەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی ڕێژەی حەوسەڵە، کاتو خوێندنەوە بەگرفتە.

4-لەڕووی ڕاستکردنەوە، مانشێتنوسینو ماکێتبەندییەوە کێشە بۆ کارەکە دروست دەکات.

نمونەکان: هەواڵەکانی خوارەوە بەشێوەی میتۆدی مێژوویی ڕێکخراون (پێشتر ئەم هەواڵە بەمیتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوە ڕێکخرا بوو).

**نمونەی یەکەم:**

بەرهەواڵ (لید):

سولەیمانی- ڕادیۆی نەوا: کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی جێگرانی وەزارەتەکان بەسەرۆکایەتی جێگری سەرۆک کۆمار بۆ شرۆڤەکردنی بڕیاری دەوڵەت لەبارەی هاریکارییەکانەوە پێکهێنرا.

بەپێی هەواڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنو پەیوەندییە گشتییەکان، سپێدەی دوێنێ بەسەرۆکایەتی (ناو و نازناو) جێگری سەرۆک کۆمارو سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کاروباری بەڕێوەبردنو بەگەڕخستنو بەئامادەبوونی (ناو و

نازناو) وەزیری هاریکاریی لە هۆڵی کۆنفرانسی ئەم ڕێکخراوە پێکهێنرا.

لەم کۆبوونەوانەدا، بڕیاری پێشووی لیژنەی دەوڵەت بەپێی بەرفراوانبوونو بەهێزکردنی هاریکاریی کارمەندانو دەوڵەتو زیادکردنی سەرمایەگوزاریی لە بەشی هاریکاریی، دەوڵەت لەسەر ئەم بنەمایە مانگانە (3,000) هەزار دینار بەپێی ماددەی (9)ی یاساکان لە کارمەندان دەبڕێتو دەزگاکانی جێبەجێکردن هەموو مانگێك بەپێی رەزامەندی کارمەندان، بڕە ناوبراوەکە دەخەنە سەر حسابی یەکێتی هاریکاریی کارمەندانی دەوڵەتو کۆمپانیا هاریکارییە پەیوەندیدارەکانەوە.

بەمشێوەیە لەگەڵ زیادبوونی سەرمایەو توانستی دارایی کۆمپانیاکانی هاریکاریی، ئەگەری سەرمایەگوزاری کارمەندان لە چالاکییەکانی بەرهەمهێناندا لە ڕێگەی ئەم کۆمپانیا هاریکاریانەوە فەراهەم دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاردرا لەمبارەیەوە بەشێوەیەکی هاوبەش، پەخشنامەیەك لەلایەن

وەزیـری هاریکـاریی‌و جێگـری سـەرۆك كۆمـارەوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتییەكانی دەوڵەت دەربكرێت.

**نمونەی دووەم:**

سـولەیمانی (كوردسـتان)- كوردسـتانی نـوێ: بەرپرسـانی هێڵـی ئاسمـانی سـولەیمانی وتیـان لـە كاتێكدا كە فرۆكەی ئێرباس (300) لە هێڵی هەوایی (جی-ئێس- ئـێس)ەوە لـە ڕەوتـی سـوید بـەرەو شـاری سـتۆكهۆڵم لـە فڕینـدا بـوو، یـەكێك لـە گەشـتیاران هەڕەشـەی كردنـەوەی یـەكێك لـە دەرگاكـانی فرۆكەكەی لە خزمەتكاری فرۆكەكە كرد.

بەوتەی ئەو بەرپرسانە، یەكێك لـە سەرنـشینانی فرۆكەكە كە پێدەچێت هاوڵاتی سـویدی بێـت لەگـەڵ پەخشكردنی كۆمەڵە بەیاننامەیـەكی خۆیدا- بـەهۆی پەرەشووتەوە لەسەر خاكی سوید لـە فرۆكەكـە خـۆی فڕێدایە خوارەوە.

هـەروەها بەرپرسـانی هێڵـی ئاسمـانی سـولەیمانی وتیان: لەم ڕووداوەدا زیان بەكەس نەگەیشتووە.

## ⋆میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە

بۆ نوسینی هەندێ لە بابەتە هەواڵییەکان، دەتوانرێ میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە بەکاربهێنرێت کە ئاوێتەیەکە لە میتۆدی هەرەمی هەڵگەڕاوەو میتۆدی مێژوویی.

لە ئامادەکردنی هەواڵدا بە شێوەی میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە، لە سەرەتادا پوختەی گرنگترین بابەت بەشێوەی (لید) لە پەرەگرافی یەکەمی هەواڵەکەدا دادەندرێت، پاشان کارەساتەکە یان ڕووداوەکە بەو شێوازەی کە ڕوویداوە، بەپێی ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژیای ڕوودانی ڕووداوەکە بەهەمانشێوەی میتۆدی مێژوویی باس دەکرێت.

ئەو وەرگرانەی حەز بە هەواڵو ڕاپۆرتەکانی دادگاکان، ڕووداوەکانی پشت پەردەی کەسایەتییە سیاسی، هونەریی یا وەرزشکاران دەکەن بەدوای ئەم ڕووداوانەوەنو خۆشحاڵو تێردەبن بە زانینی شرۆڤەی تەواوەتیانەیانو وەك خوێندنەوەی چیرۆکێکی کورت دەنۆڕنە ئەم چەشنە هەواڵە تێروتەسەلانەو پێی سەرگەرم دەبن.

لەمڕووەوە میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە دەکرێ لە ڕێکخستنی هەواڵەکانی کارەساتەکان یا ڕووداوە هاوشێوەکاندا بەکاربهێنرێت.




وێنەی (6)

میتۆدی مێژوویی بە لیدەوە

⋆نمونەی میتۆدی مێژوویی بەلیدەوە:

بەرهەواڵ (لید):

بکوژی فەرشفرۆشێکی کوردی (25)ساڵە لە ئەنقەرە (تورکیا) بەزیندانی هەمیشەیی سزا درا.

شرۆڤەی ڕووداوەکە:

(فیلیپ چیللەر) لە مانگی ئابی (2006) لەگەڵ دوو لاوی تورکدا لە یەکێك لە شەقامەکانی ئەنقەرە،

ڕێگایان بە کوڕێکی فەرشفرۆشی کوردو دایکی گـرتو بەدەمانــچە کوشــتیانو دایکیــشی بریـنــدار بــوو. بکوژەکـان پارەکـانی کـوڕە کوردەکـەیان دزیو خۆیـان لەشوێنەکە دوورخستەوە.

دواتر بەپێی ئـەو نیـشانانەی دایکی کوڕەکـە بـە پۆلیـسی دابـوو، پۆلیـسی ئـەم شـارە توانیـان (فیلیـپ چـیللەر) دەسـتگیر بکـەن، نـاوبراو لەسـەرەتادا نکـۆڵی لەکوشتنی ئـەو کـوڕە کـوردە کـرد، بـەڵام دواتـر دانـی بــەوەدانا کــە بــۆ دزینــی پارەکــانی نــاوبراو، ڕێگــەی بەئۆتۆمبێلەکـەی گرتـووەو فەرشفرۆشـە کوردەکـەی کوشتووە.

ڕۆژنامــە لۆکاڵییــەکانی ئەنقــەرە نوســیویانە، لیژنــەی دادوەریــی دادگــا لــە مــانگی ئــابی ســاڵی ڕابــردوودا (فیلیـپ چـیللەر)ی تەمـەن (28)سـاڵیان بــەهۆی کوشــتنی بەئانقەســتەوە تاوانبــار کــردووە، دادگـای ئەنقـەرەش هەفتـەی ڕابـردوو ناوبراویـان بـە زیندانی هەمیشەیی سزا دا.

**⋆دەقی هەواڵ**

**دەق (جەستە)ی هەواڵ ئەو بەشەی هەواڵە کە دوای لید لە میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوەو میتۆدی مێژوویی بەلیدەوەو دوای پێشەکی لە میتۆدی مێژوویی‌دا دادەندرێت یا دەنوسرێت‌و بە چاوپۆشین لە ئەندازە (درێژی)ی بابەتەکە، بە دەق (جەستە)ی هەواڵ ناودەبرێت.**

**دەقی هەواڵ لەوانەیە لە یەك تا دە پەرەگراف بێت. بەهەمانشێوەی وترا، لە میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوەدا دەقی هەواڵەکە بەپێی گرنگی ڕووداوەکە ڕێکدەخرێت کە پێویست ناکات ڕێکخستنێك بێت بەپێی ڕوودانی ڕوواوەکە. بەگشتی هەموو پەرەگرافێك، سەربەخۆیەو خاڵێکی بابەتەکە دەخاتەڕوو5.**

---

[5] - هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، ئەمە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی میتۆدی هەڕەمی هەڵگەڕاوە کە ئەگەر چەند پەرەگرافێکی خوارەوەی هەواڵەکە لاببەیت کارێکی ئەوتۆ ناکاتە سەر هەواڵەکە، چونکە زانیارییەکانی هەواڵ لە میتۆدی

لـــە میتـــۆدی هـــەرەمی هەڵگـــەڕاوەدا، کۆتـــایی هەواڵەکـە بـە دەرەنجام یـاخود کۆبەندییـەك کۆتـایی پێناهێنرێت، بەڵکو کەم بایەخترین بابەت، لە کۆتایی هەواڵەکەدا دادەندرێت.

★یەکێتی هەواڵ

نوســینێکی گونجــاو کــە شــیاوی لێتێگەیــشتن و بەگشتی (باش) بێت، پێویستە (یەکێتی)ی تیادا بێت، ئەم خاڵە لە هەواڵدا بە (یەکێتی هەواڵ) ناودەبرێت. واتــا بابەتــەکان لەگــەڵ یــەکتردا هەماهەنگییــەکی پێویستیان هەبێت. ئـەم هەماهەنگییـە دەتـوانرێ بـە لەبەرچـاوگرتنی ئــەم خاڵانــەی خــوارەوە دروســت بکرێت:

-هەماهەنگی لەگەڵ دووبارەکردنەوە:

یەکێك لە میتۆدە کاریگـەرەکان بـۆ دروسـتکردنی هەماهەنگی لە هەواڵدا، دووبارەکردنـەوەی شـیاوانەی بابەتـە سـەرەکییەکەیە لـە دەقـی هەواڵەکـەدا. لـەم

---

هەڵگـەڕاوەدا بـەپێی گرنگترینیـان لـە سـەرەوە بـۆ خـوارەوە ڕیزبەندی دەکرێت (و-ك)

هەواڵەی خوارەوەدا مەسەلەی بەرهەمهێنانی شیری وشکی منداڵان لەهەر پەرەگرافێکدا دووبارە بۆتەوە:

*بۆنمونە:

وەزیری تەندروستیو دەرمانو فێرکردنی پزیشکی، کارگەیەکی بۆ بەرهەمهێنانی شیری وشکی منداڵان بنیات ناوە.

(ناو و نازناو)ی بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی ئامادەکردنو دابەشکردنی ماددە خۆراکییەکان لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵەدا وتی: لەگەڵ بەرهەمهێنانی شیری وشکی منداڵان لە وڵاتەکەدا، لەمەودوا هاوردەنییەکانی ئەم بەرهەمە لەدەرەوە ڕادەوەستێنرێت.

بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی ئامادەکردنو دابەشکردنی ماددە خۆراکییەکان وتی: لەگەڵ دابەشکردنی بەرهەمەکانی کارگەی بەرهەمهێنانی شیری وشک، منداڵانی وڵاتەکە پێویستیان بە هاوردەی شیری وشك نامێنێت.

ناوبراو وتی: بەمشێوەیە ساڵانە بڕی (77) میلیۆن دۆلارمان بۆ دەگەڕێتەوە کە پێشتر بۆ هاوردنی شیری وشکی منداڵان تەرخان کرابوو.

-هەماهەنگی بە بەكارهێنانی زاراوەكانو ئامرازە لێكدەرەكان:

مەسەلەیەك كە زۆرینەی هەواڵنێران لەكاتی ڕێكخستنی هەواڵی كۆڕو كۆبوونەوەكانی لیژنەی دەوڵەتو هاوشێوەكانیدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەیە كە بەگشتی لەم جۆرە كۆڕو كۆبوونەوانەدا لە چەندین بواردا بڕیاری جۆراوجۆر دەدرێت. ئەم كارە نوسینی هەواڵێكی هەماهەنگ توشی كێشە دەكات. ڕێگای نەهێشتنی ئەم كێشەیە ئەمەیە كە لە قۆناغی یەكەمدا، گرنگترین بابەت لە بەرهەواڵەكەدا (لیدەكەدا) بنوسرێتو بە یەك یا چەند پەرەگرافێك تەواو بكرێت. پاشان ئەو بوارانەیتر كە لە كۆبوونەوەكەدا شرۆڤە كراوە، بەسودوەرگرتن لە دەستەواژەكانی وەك:" لەهەمان كۆبوونەوەدا، لەم كۆبوونەوەیەدا، لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی وەزیراندا، لیژنەی دەوڵەتو..." بە بابەتەكانیترەوە بلكێنرێت.

★ لەو بابەتانەدا كە هەواڵەكە بریتییە لە: هەڤپەیڤین یا وتاردان لەگەڵ دەستەواژەكاندا دەتوانرێ زنجیرەبابەتەكان بە یەكەوە بلكێنرێت.

*لەو هەلومەرجانەی کە بابەتی چەند کارێك لە هەواڵەکـەدا خراوەتـەڕوو، دەتـوانرێ بـە ناوهێنـانی شوێنەکە هەماهەنگی لە هەواڵەکەدا بهێنرێتەدی.

*بۆنمونە:

لـــە قـــەلادزێش مەراســـیمێك بـــەهۆی هـــەمان بۆنەوە....

بۆنمونـــە: (دووبارەکردنـــەوەی دەســـتەواژە یـــا دەستەواژەی لکێنەر)

ئەنجومـــەنی وەزیـــران گەلاڵەنامـــەی لابردنـــی مەرجی (تەمەنی خوازیارانی خانەنشینی کە دەبوایە سی ساڵ خزمەتیان هەبووایە) لابرد.

لـــە کۆبوونـــەوەی ئەنجومـــەنی وەزیرانـــدا کـــە ئێـوارەی دوێنـێ بـە سـەرۆکایەتی (نـاو و نازنـاو) جێگـری سـەرۆك کۆمـار پێکهێنـرا، گەلاڵەنامـەی ڕیفـۆرمکردنی مـاددە یاسـاییەکانی (دابینکردنـی کۆمەلایەتی) بڕیاری لەسەر درا.

بـەپێی بڕیارەکـەی ئەنجومـەنی وەزیـران، ئـەو مەرجە لابرا کە دەبوایە ئەو گروپانەی خوازیاری هەمیـشەییانەی خۆخانەنـشین کـردنن، سـی سـاڵیان

تـــەواو کردبێـــتو مـــافی بیمـــەیان بـــە دەزگـــای خانەنشینی دابێت.

هـەر لـەم کۆبوونەوەیـەدا، پێـشنیازی هاوبەشـی وەزارەتـــی کـــارو کاروبـــاری کۆمەڵایـــەتیو جێگـــری سەرۆك کۆمار بۆ کاروباری خانەنـشینی لـە ناوچـەی گـەرمیان، بڕیـاری لەسـەر دراو بـڕی (50) میلیـۆن دۆلار بـۆ گەشـەدان بـە ناوچـە ئـەنفال کراوەکـان تەرخان کرا.

★★★ ★★★

(هەماهـەنگی) لـەو بابەتانـەی کـە هـەواڵنێرێك هـەواڵێکی درێژخایـەنی پـێ ڕێکـدەخات، دەبـێ پـتر لەبەرچاو بگیردرێت. ئـەم مەسـەلەیە لـەو کاتـەدا کـە چەندین بابەت بە چەند کاتێکی جیاواز یا بە چەند شـوێنێکەوە لـە ئارادایـە، زۆرتـر هەسـتی پێـدەکرێت. ئەم هەماهەنگییە دەکرێ بە بەکارهێنانی دەستەواژە یاخود وشە لێکدەرەکان دروست بکرێت.

**★هەماهەنگی ستراکتوری هەواڵ**

هەواڵ دەبێ بـەجۆرێ ڕێکبخرێـت کـە بابەتـەکان لەگەڵ یەکتردا هەماهەنگییـەکی پێویـستیان هـەبێت.

ئەگـەر بابـەتی هەواڵەکـە پـتر لـە یـەك مەسـەلەی لـەخۆگرتبێت، لەمبارانـەدا دەتـوانرێ دوو مەسـەلە لەگەڵ یەکتردا ئاوێتـە بکرێـتو بەرهـەواڵ (لیـد)ێك دروست بکرێت.

بۆنمونە:

سـولەیمانی (کوردسـتان)- ڕادیـۆی puk: دوای دزینی سێ فڕۆکەی کوردیی لە دوو رۆژی ڕابـردوودا، بەڕێوەبـەری گـشتی هێڵـی فڕۆکـەوانی کوردسـتان ئەمرۆ دەستی لە کار کێشایەوە

★ شوێن، ژێدەرو مێژووی هەواڵ

هـەر ڕووداوێکـی هەواڵیانـە، لـە شـوێنو کـاتێکی دیـاریکراودا ڕوودەدات کـە لـە وەڵامدانـەوەی ڕەگـەزە هەواڵییـەکانی (لـەکوێ)و (کـەی)دا دەستنیـشان دەکرێـتو هـەروەها (هـەواڵ) لەلایـەن هـەواڵنێرانی میدیاکانی هەواڵەوە (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسەکان، پەیوەندییـە گشتییەکان...)ەوە بەدەست دەهێنرێـتو وەردەگیردرێـتو ڕادەگەیەنـدرێت کـە پێیدەوترێ (ژێدەر)ی هەواڵ.

لـە یەکـەمین دێـڕی هـەر هەواڵێکـدا[6] ، ژێـدەرو مێـژووی هەواڵەکە دەبـێ دیـاری بکرێـت[7] . لەبەرئـەم هۆیـە ئـەرکی سەرشـانی چـاپەمەنییەکانە کـە نـاوی شوێن، ژێدەرو مێژووی هەواڵەکان بهێنن.

نمونـە:

دهـۆك (کوردسـتان)- ڕۆژنامـەی ئاسـۆ: 7ی ئـابی 2006- لێکۆڵیــارە فەرەنـــسیو ڕۆمانییـــەکان (20)

---

[6] -Dateline.

[7] - مەرج نییە لە هەموو هەلومەرجێکدا نـاوی ژێـدەری هـەواڵ بهێنرێــت، بەتایبــەت ئــەو ژێدەرانــەی کــە نــاڕەسمین. زۆربەیجاریش ئامرازەکانی میدیا (ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلـەفزیۆن، ئینتــەرنێت) کاتــێ هــەواڵو زانیارییــەك لــە ژێدەرێکــەوە وەردەگرن کە پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت ببێتەمایەی مەترسی بۆ خاوەن ژێدەرەکە، ئەوا دەتـوانرێ نـاوی ژێـدەر نـەهێنرێتو تەنانــەت پاراسـتنی نـاوی ژێـدەر یەکێکـە لـە ئەخلاقـەکانی ڕۆژنامــەوانی. پاراســتنی نــاوی ژێــدەر هــەم لــەپێناو پارێزگاریکردنە لە سەلامەتی ژێدەرەکە، هەم ئەو قازانجەی بـۆ ئامرازەکـانی میـدیاش هەیـە کـە دەتـوانرێ متمانـە لای خـاوەن ژێدەرەکە دروست بکات تاوەکو بەردەوام هەواڵو زانیاری نوێی لێوەربگرێتەوە. (و-ك)

جۆر گیانلەبەریان دۆزییەوە کە بەبێ بەکارهێنانی هەوا (ئۆکسجین) درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

تیمی لێکۆڵیاران بە دۆزینەوەی ئەشکەوتێك لە شاری دهۆك جۆرەها جڕوجانەوەر، بەکتریاو قارچکیان بینی کە لە بارودۆخێکی جیاواز لە بارودۆخی ئاسایی دەژین‌و پەیوەندی ئەم ئەشکەوتە کە لە شێوەی چاڵێکی سروشتیدایە، بەتەواوەتی لەگەڵ دەرەوەدا دابڕاوەو کەمترین تیشکیش ڕۆڵی تیادا نەبووە.

بەکتریاکانی ئەم ئەشکەوتە سۆلفۆریان لە شوێنەکەدا کردۆتە خۆراك‌و دوای مردنیان لەلایەن قارچەکەکانەوە کراونەتە خۆراك.

هەروەها جڕوجانەوەرەکانی ناو ئەشکەوتەکە، هەریەکەیان بوونەتە خۆراکی جۆرە جڕوجانەوەرێك کە لەشێوەی جاڵجاڵۆکەدایە.

★★★ ★★★

پێویستە ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیردرێت کە هەمیشە شوێن‌و مێژووی ناردنی هەواڵ، کات‌و شوێنی ڕوودانی ڕووداوی هەواڵەکە نییەو (ژێدەر)ی

هەواڵەکەش دەکرێ ژێدەر یاخود کۆمەڵەژێدەرێکی یاریدەدەری هەواڵەکە بن.

ناوهێنانی مێژووی هەواڵەکە ئەم خەسڵەتەکەی هەیە کە وەرگرەکان تێدەگەن کە مەودای کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەگەڵ وەرگرتنی هەواڵەکە لەلایەن میدیای هەواڵەکەوە ماوەکەی چەند بووە. لە رۆژنامەکانداو لەکاتی پەخشکردنی هەواڵەکان لە ڕادیۆو تەلەفزیۆندا، ناوهێنانی دەستەواژەکانی دوێنێ، ئەمڕۆ یاخود سبەی خۆی لەخۆیدا مەودای کاتی وەرگرتنی هەواڵەکەو کاتی بڵاوکردنەوە یا پەخشکردنەکەی دیاری دەکات. بەڵام لە هەفتەنامەکان، مانگنامەکانو... ناوهێنانی مێژووەکەی لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا، کارێکی زەرووریيە.

لەبارەی ژێدەر یاخود ژێدەرەکانی هەواڵەوە، ئەم ڕوونکردنەوەیە پێویستە کە لەڕووی یاساییەوە بەرپرسیارێتی هەواڵەکە لەئەستۆی ژێدەرە بڵاوکەرەکەدایە. هەڵبەتە پێویستە ئەوە بزانرێت میدیا بەکاربەرەکە، سەرپشکە لە دارشتنەوەو میتۆدی سەرلەنوێ رێکخستنەوەیو پوختەکردنەوەی

هەواڵەکە. لەهەمانکاتدا نابێ ڕەسەنایەتی هەواڵەکە بگۆڕدرێت.

لە چاپەمەنیدا (رۆژنامەکانو گۆڤارەکان) دەتوانرێ بۆ ژێدەرەکەی، سود لە میتۆدە جۆراوجۆرەکان وەربگیردرێت.

* یەکەم: کاتێ کە هەواڵ لە یەك ژێدەرەوە وەردەگیردرێتو رۆژنامەکان بێچەندوچۆن بەچاپی دەگەیەنن. لەمبارەدا لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا ناوی ژیدەرەکە دادەندرێتو ئیتر پێویستی بە دووبارەکردنەوەی لە دەقی هەواڵەکەدا نییە.

نمونە:

کەرکوك (کوردستان)- رۆژنامەی چاودێر- (مێژووی...): بەپێی ڕاپرسییە ئەنجامدراوەکان، بەرێژەی (85٪)ی دانیشتوانی کەرکوك لەگەڵ گەڕانەوەی شارەکەدان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە هەمانکاتدا، نزیکەی (6٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە، لەو بڕوایەدان کە پێویستە فرسەتێکیتر بدرێتە دانیشتوانی شارەکە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی پارێزگاکەیان. تەنها (9٪)ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە کە بریتی بوون لە

عــــەرەبو تورکمانــــە تەعریبـــچییەکان، دژ بـــە گەڕانەوەی شارەکەن بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

شــاری کــەرکوك لــە ســاڵی (1920)ەوە لەگــەڵ کوردستانی باشوردا لکێنراوە بە دەوڵەتی عیراقەوەو تائێستا لەلایەن حکومەتە جۆراوجۆرەکانی عیراقەوە چەندین پـیلان بـۆ تێکدانی ڕەسـەنایی‌یەتیو مـۆرکی کوردیانەی شارەکە ئـەنجام دراوە تـاوەکو بەتـەواوەتی لـە هـەرێمی کوردسـتان دابـڕێـتو بکرێتـە شـارێکی عەرەبی.

* دووەم: ئەوەیـــە کـــە میـــدیا بەکاربەرەکـــە زانیارییـەکی نـوێ زیـاد دەکات بـۆ ئـەو هەواڵـەی بـۆ هـەواڵ وەریگرتـووە. لـەمبارەدا هـەواڵ خـاوەنی دوو ژێدەر دەبێت، ژێدەری یەکـەم کە لـە دێـڕی یەکـەمی هەواڵەکـەدا دەنوسـرێت، نـاوی ڕۆژنامـە یـا میـدیا بەکاربەرەکـەی هەواڵەکـە لـە هەواڵەکـەداو لـە دەقـی هەواڵەکـــەدا بـــە ژێـــدەری دووەم واتـــا بـــە نێـــرەری هەواڵەکە دادەندرێت. دەبێ ئەوە لەبەرچاوبگیردرێت کە لەو هەلومەرجەدا هەواڵە وەرگیراوەکە بـۆ کامـڵ کردنی هەواڵی میدیای هەواڵ بەکاردەهێنرێت.

نمونـە:

خانەقین (کوردستان): ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی (مێژووی...): ماڵوموڵکە دەستبەسەردا گیراوەکان، دوای ڕووخانی بتی سەدام حسێنی دیکتاتۆر لە (9)ی نیسانی (2003)دا، بۆ خاوەنە ڕەسەنەکانیان دەگەڕێندرێتەوە.

ئەم ماڵوموڵکانە بەرلە ڕووخانی سەدام حسێنی دیکتاتۆر، لەلایەن عەرەبە تەعریبچییەکانەوە داگیرکرابوو. ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە درا، ئەویش سێساڵ دوای ڕووخانی سەدام حسێن.

(ڕۆژنامەکانی چاپی خانەقین)یش لەمبارەیەوە نوسیویانە: بەوتەی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهای ئەو ماڵوموڵکانەی بەپێی یاسا نوێیەکە شیاوی گەڕاندنەوەن، بە (800) ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت.

ئەو خاڵەی دەبێ لەبەرچاو بگیردرێت ئەمەیە کە وەرگێڕانی هەواڵەکان لەلایەن میدیا وەرگرەکانەوە، پێویست بەوە ناکات کە ناوی میدیا وەرگێڕەکە وەك ژێدەر دابنرێت.

★ سێیەم: ئەوەیە کە هەندێ لە ژێدەرەکانی هەواڵ وەك یاریدەدەرێك بۆ گواستنەوەی هەواڵ کار دەکەن. لەم دۆخەدا ناوی ژێدەرە یاردەدەرەکە لە دێڕی یەکەمی هەواڵەکەدا دادەندرێتو ژێدەرەکان یا ژێدەرە ڕەسەنەکە لە دەقی هەواڵەکەدا دەخرێتەڕوو.

نمونە:

هەولێر (کوردستان)- رۆژنامەی کوردستان راپۆرت- (مێژووی...): گۆڤاری (ئابوری)ی چاپی هەولێر نوسیویەتی " بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەم بەبەراورد لەگەڵ مانگی تشرینی یەکەمدا رۆژانە نزیکەی (180) هەزار بەرمیل کەم بۆتەوە".

بەپێی راپۆرتی رادیۆی (نەوا)، گۆڤاری (ئابوری)ی نوسیویەتی "کەمبوونەوەی نەوتی کوردستان بۆتەمایەی ئەوەی کە کۆی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپیك لە مانگی تشرینی یەکەمدا بۆ ئاستێکی نزمتر لە (24) میلیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا نزم ببێتەوە".

بەپێی راپۆرتی گۆڤاری (ئابوری)، هەناردەی نەوتی خاوی ئێرانیش لەم ماوەیەدا، رۆژانە بڕی

(200) هەزار بەرمیل کەم بۆتەوەو بۆ (2) میلیۆن‌و (179) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا نزم بۆتەوە.

لـەم هەواڵـەدا، رۆژنامـەی (کوردسـتان ڕاپـۆرت) ژێـدەری یاریـدەدەری گواسـتنەوەی هەواڵەکەیـەو رادیـۆی نـەواش ژێـدەری یاریـدەدەرەو گۆڤـاری (ئابوری)ی ژێدەری سەرەکی هەواڵەکەیـەو بـەجۆرێك کـە تێبینـی دەکرێـت، هەرسـێ ژێدەرەکـە لـەم هەواڵانەدا هاتووە.

٭چـوارەم: لـە هەواڵـە ئاوێتەکانـدا ڕووبـەڕووی ژمارەیـەکی زۆرتـری ژێـدەرەکانی هـەواڵ دەبینـەوە، چـونکە لـەکاتی ڕوودانـی ڕووداوێکـی گرنگـی نێودەوڵەتیانەدا، ژێدەری هەواڵی هەرکامێکیان هـەواڵ دەدەن تا ڕەهەنـدە نوێترەکانی هەواڵەکە بخەنـەڕوو. لەبەرئـەم هۆیـە رۆژنامـەکان‌و میـدیاکانیتری هـەواڵ ڕووبـەڕووی ژمارەیـەکی زۆرتـری هـەواڵ‌و بـەدوای ئەودا کۆمەڵەژێدەرێکی هەواڵیانە دەبنەوە.

لە ڕێکخستنی ئەم چەشنە هەواڵە ئاوێتانـەدا کـە ژێـدەرە زۆروزەوەنـدەکان (ئاژانـسەکان...)ی تیـادا بـەکاردێت، رۆژنامـەکان دەتـوانن لـە سـەرەتای هەواڵەکەدا ناوی ئەو ژێدەرە بخەنەڕوو کە نـوێترین‌و

گرنگترین هەواڵی بۆ ناردووەو ناوی ژێدەرەکەیتر لە جەستە (دەق)ی هەواڵەکەدا دادەندرێت. لە هەندێ هەلومەرجدا ناوی ژێدەری هەواڵەکە، متمانەو گرنگی هەواڵەکەش زیاتر دەکات.

نمونە:

سولەیمانی (کوردستان)- کوردسات- 20ی ئەیلول: ژێدەرێکی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئێمە دیموکراسی ناکەینە قوربانی نارەزایی دەنگدەران.

ئەم ڕاپۆرتە لە زاری (کوردستانی نوێ)وە دەڵێت بەرپرسێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، ڕایگەیاند: حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا ڕێگای جۆراوجۆری بۆ پوچەڵکردنەوەی هەڵبژاردن لەم هەرێمەدا خستۆتە بەرباس‌و لێکۆڵینەوەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی (khak tv) لە سولەیمانی، (جەمیل بایك)ی سەرکردەی دیاری ناو پارتی کرێکارانی کوردستان داوای لە خەڵك کرد کە بەدەنگدان بە پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕێگە بۆ سەرکەوتنی پارتی کرێکاران خۆش بکەن.

ناوبراو ئەم وتانەی لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (هاولاتی) خستەڕوو کە دوێنێ بڵاوکرایەوەو دەڵێت: "ئێمە هەرگیز حکومەتێکی توندڕەو و هیچ حکومەتێکمان ناوێت کە ڕۆڵی جەندرمەی هەبێت".

لەلایەکیترەوە، ڕۆژنامەی تورکی (حورییەت) بە بڵاوکردنەوەی سەروتارێك، سەرەڕای نیگەرانی لەبەرامبەر ئەوانەی دەنگ بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەدەن، پێشنیازی بۆ دەوڵەتانی دراوسێی عیراق کرد کە ڕێگە لەهەر هەوڵێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پارتی کرێکاران بگیردرێت کە بۆنی دیموکراسیو دروست بوونی دەوڵەتی کوردیی لێبێت.

★★★ ★★★

لەکاتێکدا کەسەکان وەك ژێدەرەکان دادەندرێن کە هەروەك بابەتەکانی هەواڵ دەبێ ناویان بهێنرێت بەتایبەتی لەو هەلومەرجانەی کە مەسەلەکە، نیشاندەری دادوەریکردن یا ڕادەربڕینێکی خودیانەیە. چونکە وەرگرەکان بە زانینی ژێدەری

هەواڵەکە، ئەگەری هەڵسەنگاندنی گرنگی بابەتەکە بەدەست دەهێنن.

ئەگەرچی زەرووریيە ئەو بابەتانەی نیشاندەری دادوەریکردن یا ڕادەربڕینی خودیانەیە، خاوەنی ژێدەرێکی ڕاستەقینە یاخود یاسایی بێت، بەڵام ئەرکێکی ناچاریانە نییە کە لە تەواوی هەلومەرجەکاندا ناوی کەسە ڕاستەقینەکە یا یاساییەکە لە بەرهەواڵ (لید)ی هەواڵەکەدا بهێنرێت. دەکرێ ناوی ژێدەر یا ژێدەرە ڕاستەقینە یا یاساییەکان لە پەرەگرافی دوای بەرهەواڵەکە (لیدەکە)دا بنوسرێت.

نمونە:

ئەو خوێندکارانەی پتر لە (70) وانەیان لە زانکۆ خوێندووە، بەپێی داخوازی خۆیان دەتوانن دیبلۆمی باڵا وەربگرن.

(ناو و نازناو) جێگری وەزیری خوێندنی باڵا لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەم مەسەلەیەدا، وتی: ئەم جۆرە خوێندکارانە....

رادەربڕینــی کەســە ڕاســتەقینەو یاســاییەکان دەتـوانرێ بەشـێوەی گواسـتنەوەی وتـەی ڕاسـتەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یا لاوەکیانە بخرێتەڕوو.

### ⋆ ناساندنی کەسەکان

ئـەو کەسـانەی لـە هەواڵـدا ئاماژەیـان بـۆ دەکرێـت، دەبێ بەشێوەیەکی وردەکارانە بناسێندرێن.

لەهـەر هەواڵێکدا، ناسـاندنی ئـەو کەسـانە کـارێکی پێویستە کە لە کۆمەڵگادا خاوەنی پلەوپایـەن، تەنانـەت ئەگەر ئەم کەسانە نەناسراویش بن.

ناسـاندنی کەسـەکان لـە هەواڵەکـەدا لەوانەیـە بـە خستنەڕووی کار، پلە، شوێنی نیـشتەجێبوون، تەمـەن و هاوشێوەکانی بێت. ئەو کەسانەی خاوەنی چەندین پایە یـا پلـەن، بـۆ ناسـاندنیان دەبـێ سـود لـە گـرنگترین ناونیشانیان وەربگیردرێت.

ناوهێنـــانی نازنـــاوی دکتـــۆر، ئەنـــدازیار یـــا هاوشێوەکانیان پێویست نییە مەگەر ناوهێنانی ئاستی خوێنـدن یـا پلـەی خوێندنەکـەی بەلەبەرچـاوگرتنی جـۆری هەواڵەکـە پێویـست بێـت. بۆنمونـە هەواڵـە زانستییەکان، مەزهەبییەکان و...

ڕێسای گشتی لـە هەواڵنوسـیندا ئەمەیـە کـە ئەگـەر پێویـست بێـت، دەبـێ نـاوی کەسـەکە لـە هەواڵەکـەدا

بوترێـــت، لـــە ئامـــاژەی یەکەمـــدا نـــاو و نازنـــاوە خێزانییەکەی بەوردیی دەخرێتـەڕوو و لـە ئاماژەکانی دواتـردا ناوهێنـانی نـاوی خێزانـی یـا پلـەی کەسـەکە بەسە.

نمونە:

| دروست | نادروست |
| --- | --- |
| دلاوەر حەمە قەڵادزێی | دلاوەر حەمە |
| وەزارەتی کاروباری ئابوری‌و دارایی | وەزارەتی دارایی |

لەو هەلومەرجانەدا کە کەسەکە پلەوپایەیەکی ڕەسمی نییە، بۆ ناساندنی ناوبراو دەتوانرێ زاراوەکان یا دەستەواژە کورتەکان بەکاربهێنرێت.

نمونە:

شکاك حەمە دانیشتووی هەڵەبجە

هەنار عەلی، یەکێك لە شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە

لێوزێ عومەر، هەژدەساڵە

ئاگاسا کریستی، نوسەری چیرۆکە پۆلیسی-تاوانییەکان.

⋆پێشینەی ڕووداوەکە

هەرچەندە هەواڵ دەبێ کۆمەڵە مەسەلەیەکی نوێ بخاتەڕوو. بەڵام لە زۆربەی هەلومەرجەکاندا بۆ

تێگەیشتن لە مەسەلە نوێیەکان پێویستی بە باسکردنی پێشینەی ڕووداوەکەیە[8].

ئەم جۆرە مەسەلانە دەبێ بەشێوەیەکی پوختو بەڕێژەیەك بێت کە ئەگەر کەسێك هەواڵە ڕەسەنەکەی نەخوێندبێتەوە، بتوانێ لە مەسەلەکە بگات.

پێشینەی هەواڵ دەتوانرێ بەمشێوانەی خوارەوە نیشان بدرێت:

---

[8] - بۆ نوسینی ئەم جۆرە هەواڵانە میتۆدی (گەڕانەوە بۆ دواوە) بەکاردەهێنرێت، واتا لە بەرهەواڵ (لید)ی سەرەتای هەواڵەکەدا کورتەی هەواڵەکە دەخرێتەڕوو پاشان پێشینەی هەواڵەکە لە دەقی هەواڵەکەدا دەنوسرێت. بۆ نوسینی ئەو بابەتانەی پێشینەیەکی مێژوویانەیان هەیەو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا بەشێك لە ڕووداوەکانیان دێتەوەئارا، ئەم میتۆدە بەکاردەهێنرێت. بۆنمونە ئەگەر هەواڵێك باس لە پرۆژەی تەعریب لە شاری کەرکوك بکات، دەبێ لایەنی کەم ئەوە وەبیر خوێنەر بهێنرێتەوە کە کێشەی تەعریب لەم شارەدا کەیو چۆن سەریهەڵداوە. (و-ك)

★ بەزیادکردنی پەرەگرافێکی کامڵ دوای مەسەلە نوێیەکە:

نمونە:

موسڵ (کوردستان) ئەسۆشێتد پریس- (مێژووی ...): بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێك لە گەڕەکی ئەلزهور لە شاری موسڵ، ئەمڕۆ (15) کورد شەهید بوونو (45) کوردیتر بریندار بوون.

لەمانگی ڕابردووەوە تائێستا بەهۆی چەند تەقینەوەیەکی عەرەبە تیرۆریستەکانەوە لە گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری موسڵ، (158) کورد گیانیان لەدەست داوە.

★ لەناوهێنانی دەستەواژەیەکی کورتدا:

نمونە: بەرهەواڵی مێژووچکەیی (لیدی مێژووچکەیی)

هەولێر (کوردستان)- رۆژنامەی کوردستانی نوێ- (مێژووی...): دوای دەرکردنی هەزار مامۆستا لە مانگی ڕابردوودا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرنامەیدایە تا کۆتایی ئەمساڵ، نزیکەی (150) هەزار مامۆستایتر لە کار بەرکەنار بکات.

★★★ ★★★

بەهەرحاڵ دوای نوسینی هەواڵەکە، جاریکیتر بیخوێنەرەوەو لە خۆت بپرسە:

★ ئایا ئەم هەواڵە کامڵو گشتگیرە؟

★ئایا تەواوی زانیارییەکانی دروستە؟

★ئایا مەسەلەکانی بە ڕوونیو وردەکارانە نوسراوە؟

هەمیشە خۆت بخەرە جێی وەرگرەکانو بە تێڕوانینێکی تیژبین، وردەکارانەو لێکۆڵیارانەوە بنۆڕە هەواڵو زانیارییەکانی. هەستەوەریو بەرپرسیارێتی سەبارەت بە گواستنەوەی زانیارییەکان بەشێوەیەکی دروستانەو بە ڕاهێنانێکی بەردەوامانە، هەواڵنێران لە کاری هەواڵنوسیندا دەکاتە پسپۆڕ.

★جیاوازی (هەواڵ) لەگەڵ (لێکدانەوە، ئەنالیزەکردن)

بەهەمانشێوەی وترا (هەواڵ) گەیاندنی واقیعیەتە بەرچاوەکانە. ڕووداوێك دەبێ بەتایبەتمەندییەکانی هەواڵەوە ڕووبدات تاوەکو بەهای گەیاندنی هەبێت. لەبەر ئەم هۆیەیە کە لە هەواڵنوسیندا، ڕووداوەکە بەوچەشنەی ڕوویداوە، دەگەیەندرێت نەك

بەوچەشنەی هەواڵنێر، سەرنوسەر یا هەرکەسێکیتر حەز بکات ڕووبدات.

لەمڕووەوە، هەواڵ دەبێ گەیاندنی ڕاستودروستانەی ڕووداوێك بێتو هەواڵنێر دەبێ ئەمانەتدارێکی دەستپاكو کاردروستی گواستنەوەی هەواڵ بێت نەك سازێنەری هەواڵ.

-لێکدانەوەو ڕادەربڕین

ڕەهەندی هەڵسەنگاندنی زەینیانەو دادوەریکردنی خوددیانە لەهەمبەر ڕووداوەکانی هەواڵدا، ناوی (لێکدانەوەو ڕادەربڕین)ە. لێکدەرەوە یا نوسەری لێکدەرەوە دەربارەی ئەو ڕووداوەی کە ڕەنگە هەواڵەکەی بە جیاواز بڵاوکرابێتەوە، ڕای خۆی دەخاتەڕوو. ئەگەر سود لە تیۆرەکانی ئەوانیتریش وەربگرێت، سود لەوانە وەردەگرێت کە جێی پەسەندی خۆی بن.

لە لێکدانەوەو ڕادەربڕیندا، نوسەر لەوانەیە پشتیوانی لە مەسەلەیەك بکات یاخود ڕەتی بکاتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، لێکدانەوە کە دەچێتە ڕیزبەندی وتارە رۆژنامەوانییەکانەوە، تێڕوانینی نوسەرە لە هەمبەر ڕووداوێکداو تیایدا وەڵامی ڕەگەزی هەواڵیانەی

(بۆچی)[9] دەداتەوەو وەڵامدانەوەی (بۆچی) تێگەیشتنی نوسەرەکەیە.

-ئەنالیزەکردن:

ئەم چەشنە بابەتانە کە لە وتارنوسیندا بەشێك بۆ خۆی تەرخان دەکات، لەگەڵ لێکدانەوەو ڕادەربڕیندا جیاوازە بەڵام لەگەڵ هەواڵدا لێکچوونێکی هەیە.

ئەنالیزەکردن گوزارشتە لە وەسفێکی ڕاستەقینەی ڕووداوێك بەبێ ڕادەربڕینی نوسەر. نوسەر بەگشتی، زانیارییە کۆکراوەکانی ژێدەرە جۆراوجۆرەکانو پێشینەی مێژووییانەی ڕووداوەکە پێکەوە ئاوێتە دەکەن، هەوڵ بۆ ناساندنی هۆکارو پاڵنەرو هەروەها چۆنییەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەداتو لە ڕاستیدا پێکەوە وەڵامی ڕەگەزی (بۆچی؟ و چۆن؟) دەداتەوە.

---

[9] - بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی ئەو هەواڵانەی لە ئامرازەکانی میدیادا بڵاودەکرێنەوە، وەڵامی (بۆچی) تیادا نییە چونکە دەشێ ماوەیەکی زۆر دوای هەواڵەکە وەڵامی (بۆچی) دەست بکەوێت یاخود هەر نەبێت، هەربۆیەشە ئامرازەکانی میدیا بۆ وەڵامدانەوەی ڕەگەزی (بۆچی) لەکاتی ڕوودانو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا، پەنادەبەنە بەر پسپۆڕانو ئاگادارانی ڕووداوەکە (و-ك).

***د. یونس شوکرخوا**

**- لە ساڵی (1957) لەدایك بووە.**

**- دکتۆرای لە (پرۆسەی پەیوەندی)دا بەدەستهێناوە.**

**- ماجستێری لە (زمانی ئینگلیزی)دا بەدەستهێناوە.**

**- پتر لە (28) کتێبی لەبواری رۆژنامەوانیدا بڵاوکردۆتەوە.**

**- مامۆستای زانکۆکانی (تاران)و (عەلامە تەباتەبایی)ە لە ئیران.**

*** د. نەعیم بەدیعی**

**- دکتۆرای (رۆژنامەوانی) لە زانکۆی (ئیلینۆی)ی ئەمریکا لەساڵی (1980)دا بەدەستهێناوە.**

**-ماجستێری لە (ماس کۆمونیکەیشن) لە زانکۆی (ئۆکلاهۆما)ی ئەمریکا لەساڵی (1976)دا بەدەستهێناوە.**

-مامۆستای زانکۆکانی (تاران)و (عەلامە تەباتەبایی)ە لە ئیران.

***د. حسێن قەندی**

- دکتۆرای (رۆژنامەوانی) بەدەستهێناوە.

- بە باوکی (مانشێت)ی رۆژنامەوانی لە ئیراندا دادەندرێت.

-پتر لە (25) کتێبی لە بواری رۆژنامەوانیدا هەیە.

-مامۆستای زانکۆکانی (تاران)و (عەلامە تەباتەبایی)ە لە ئیران.

# کتێبە چاپکراوەکانی تری وەرگێڕ

-بواری نوسین:

★تــیرۆرو تیرۆریــزم، لێکۆڵینەوەیــەکی شــیکاریی مێــــژوویی‌و سیاســـی، بەڕێوەبـــەرێتی گـــشتی چاپوبڵاوکردنەوە 2005.

-بواری وەرگێڕان:

★ئاشنابوون بەدیموکراسی، نوسینی: د.عەباسعەلی سەحافیان 2003، چاپی دووەم 2005.

★کورد لەیادداشـتەکانی ئارچی ڕۆزڤڵتـدا، خانـەی وەرگێڕان 2003.

★مافەکانی ژن لەدەستپێکەوە تائـەمڕۆ، نوسـینی: نای. بن. سەعدون. خانەی وەرگێڕان 2004.

★ دۆزی کـــورد، نوســـینی: د. جـــویس بلـــۆ، چاپوپەخشی سەردەم 2004.

⋆دەروازەی رۆژنامەنوسی، نوسینی: ڕەزای حاجی ئابادی، چاپوپەخشی سەردەم 2005.

⋆دیالۆگ، کۆمەڵێك بیرمەند، چاپو بلاوکردنەوەی قانع 2005.

⋆ نەریتی رۆژنامەوانی، فریبا سەیاد، د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، بەڕێوەبەرێتی چاپوبلاوکردنەوەی سلێمانی 2006